١٩٩٩



# نیشانەکانی هاتووچۆی جیهانیو

## چەند ڕێنماییەک




وەرگێڕان و ئامادەکردنی:

نەقیبی هاتووچۆ / ئاراس بکر هەلاج

١٩٩٩

١٩٩٩





# نیشانەکانی هاتووچۆی جیهانیو چەند ڕێنماییەك

وەرگێڕانو ئامادەکردنی:

**نەقیبی هاتووچۆ / ئاراس بکر هەلاج**

- نیشانەکانی هاتوچۆی جیهانی‌و چەند ڕێنمایی‌یەک.
- چاپی / یەکەم.
- سلێمانی / ١٩٩٩.
- تیراژ / ٥٠٠ دانە .
- پیت چنین‌و چاپی کۆمپیوتەری [سەنتەری کۆمپیوتەری شەبەنگ].
- چاپخانەو ئۆفسێتی ئازاد.

# پێشکەش

## بەوانەی ڕێز لەیاساى هاتوچۆ دەگرن
## بەوانەی ڕێز لەمافی مرۆڤ دەگرن

وەرگێر

# ووتەیەکی پێویست

**برای شۆفێر:**

ئەم کارەی لەبەر دەستدایە یەکەم لێکۆڵینەوەو کارمە....هەڵبەتە بێ کەمو کوڕی نابێ و باوەڕیشم بەوەیە کە مرۆڤ تا هەڵە نەکات شتی چاك فێر نابێ وەك لەپەندی پێشینان‌دا ئەڵێ ((سوار تا نەگلێ نابێ بەسوار)).

لەژیانی ڕۆژانەماندا هەر کەگوێمان لەڕووداوی هاتوو چۆ دەبێت دەست بەجێ ئەوەمان دێتە یاد کەخەڵکی بریندار بووە یان مردووە، کاری پێویست کراوە (فریاکەوتن) ئەو گەشتە تەواو نەبووە، ئۆتۆمبیل تێك شکاوە زیانی مادی زۆرو.....هتد.

بیکر کەبەڕێوەبەری یەکێ لەپەیمانگاکانی هاتوچۆی ئەمریکی‌یە پێناسی ڕووداو بەم شێوە دەکات: ڕووداو کەڕوو دەدات چاوەڕوان نەکراوە لەوەو پێش. ڕووداوی هاتوچۆ بەگەورەترین مەترسی دادەنرێت کەوا هەڕەشە لەگیانی مرۆڤ دەکات لەم سەردەمەدا. ئەمەش لەهەموو شوێنێك وە لەهەموو کاتێك‌دا ڕوو دەدات.

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کەڕێکخراوی تەندروستی جیهانی W.H.O لەساڵی ١٩٦٩دا کردوویەتی لەهەموو ٢,٥ دەقیقەدا مرۆڤێك دەمرێت لەشوێنێکی ئەم جیهانەدا لەئەنجامی ڕووداوی هاتووچۆدا ئەمە جگە لەکەم ئەندام بوونی هەزاران کەسی تر.

زۆربەی زۆری دانیشتوان لەناوچە جیاجیاکانی ئەم جیهانەدا بەکێشەی ڕووداوی هاتووچۆی جۆراو جۆرەوە دەناڵێنن. وەژمارەی مردوو بریندار ڕۆژ بەڕۆژ لەزیاد بوندایەو بەشێوەیەکی واکەزیانی مادی نرخێك نیە جێگەی بگرێتەوە، ئازارو ئەشکەنجەش لەلایەك. ئەم کێشانەش لەزیاد بووندایە لەئەنجامی فراوان بوونی بەکارهێنانی ئۆتۆمبیل، وە ئەو ڕووداوانەی کەڕوودەدات پێك دادان‌و وەرگەڕان ئەبێتە هۆی مردن‌و بریندار بون‌و کەم ئەندام بونی هاولاتیان، بۆیە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەهەموو جیهان‌دا وە بەبەردەوامی هەڵدەستێ بەبڵاوکردنەوەی ئاگاداری‌و سەرەڕای ئەوەی کەهەموو دەوڵەتەکان ڕێك کەوتوون لەسەر ئیشارات‌و (ئاماژە) نیشانەکانی

هاتوچۆ بۆ ئەوەی بەڵگەیەك بێت بەدەست ئەوانەی کەپێویستیان پێ یەتی و ببێتە ڕێگە نیشاندەرێك بۆی.

هەر بۆ ئەو مەبەستەش هەموو جۆرە نیشانەیەکی هاتوچۆی ئامادە کردووە کەڕێککەوتون لەسەری، لەو شوێنانە دائەنرێن کەزۆر پێویستە، ئەمەش بەیەکێك لەڕێگاکانی چارەسەر کردن دادەنرێت بۆ کەم کردنەوەی ئەم ڕووداوانە.

ئەوەی ڕوونو ئاشکرایە ئەوەیە کەنەزانینی بەکارهێنانی ڕێگا بەگرنگترین هۆی ئەم ڕووداوانە دادەنرێت. لێرەدا ئەڵێین زیاد کردنی ڕاگەیاندنو ئاگادار کردنەوەی هەموو ئەوانەی کەڕێگا بەکار دەهێنن لەنەزانینی یاساو نیشانەکانی هاتوچۆو ئەو زانیاریانەی کەئاسودەی (سەلامەتی) ئەپارێزن ئەرکێکی پێویستە. بۆیە هەموو وڵاتانی جیهان هەریەك بەڕێگەیەکی تایبەتی نیشانەکانی هاتوچۆی جیهانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی خۆیان بۆ زیاتر شارەزاکردنی هاووڵاتیان لەنیشانەکانی هاتوچۆو بەکارهێنانی ڕێگا بەشێوەیەکی یاسایی (یاسای هاتوچۆ).

بۆیە منیش بەئەرکی سەرشانم زانی بۆ یەکەم جار پەرتوکێکی وەها بەم شێوەیە بەزمانی شیرینی کوردی بخەمە بەردەستی برایانی شۆفێر کەتیایا زۆربەی نیشانەکانی هاتوچۆی جیهانیو چۆنێتی بەکارهێنانو ئاگادارکردنەوەی برا شۆفیرەکان لەچۆنێتی بەکارهێنانی ڕێگاو پێشڕەوی تێیدا ڕوون کراوەتەوە، هیوا دارم جێی سودو ڕەزامەندی گشت لایەك بێتو توانیبێتم لەڕێگەی ئەم پەرتوکەوە کەبۆ یەکەم جارە لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانیەوە بڵاو دەبێتەوە خزمەتی برا شۆفێرەکانم پێ کردبێ بۆ دوور خستنەوەیان لەکارەساتی دڵ تەزێنو پاراستنی گیانی خۆیانو هاوڵاتیانو سەروەتو سامانیان.

نەقیبی هاتوچۆ
ئاراس بەکر هەلاج
بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی
پارێزگای سلێمانی
١٩٩٨/١/١

# نیشانەكانی هاتوچۆی جیهانی

گرنگی یەكی گەورەی هەیە لەڕێك و پێك كردنی هاتوچۆ. ئەم نیشانانە زمانێكی(لغە) بێدەنگە. ڕێگە نیشاندەری شۆفێرە كە ڕێگا بەكاربهێنێت بەشێوەیەكی باش. لەلایەك دوورت دەخاتەوە لەسەرپێچی وەكارەسات لەلایەكی ترەوە كاری هاتوچۆ ئاسان دەكات بەبێ هیچ كێشەیەك. هەموو هاولاتیەك مافی تەواوی خۆی وەردەگرێ لەبەكارهێنانی ڕێگا بەئاسوودەیی. وەلەكاتی سەرپێچی كردندا یاسای تایبەت دانراوە بۆ سزادانیان وەئەم نیشانانە دابەش كراون بەپێی پێویست كە ئەمانەن:

١-**نیشانەكانی هاتوچۆی دیاری كراو**. (العلامات المرورية الشاخصة)

٢-**نیشانەكانی زەمینی**. (العلامات المرورية الارضية)

**یەكەم / نیشانەكانی هاتوچۆی دیاری كراو:**

كاری دابەش كردنی ئەم نیشانانە لەسەر ڕێگا بەشێوەیەكی وادابەش كراوە كەبگونجی بۆ ئاسان كردنی بینینی لەلایەن بەكارهێنەری ڕێگاوە، لەوانە ئەبەسترێ لەعەموود یان دیوار بەبەرزیەكی دیاری كراو گونجاو هەروەها هەندێكیان پردی بۆ دروست ئەكرێت و هەڵئەواسری. وە ئەم نیشانانە دەكرێت بەچەند بەشێكەوە:

١-**نیشانەكانی ڕێك و پێككردن**. (العلامات التنظيمية)

ئەمیش ئەكرێن بەچەند بەشێكەوە

ا-**نیشانەكانی قەدەغە كردنی هاتوچۆ**. (العلامات المرور المانعة)

ب-**نیشانەكانی پێشڕەوی**. (العلامات الاسبقية او الافضلية)

ج-**نیشانەكانی هاتوچۆی پێویستە**. (العلامات المرور الاجبارية والالزامية)

٢-**نیشانەكانی هاتوچۆی ئاگاداربە**. (العلامات علامات المرور التحزيرية)

٣-**نیشانەكانی هاتوچۆی ڕێ پیشاندەری و ڕێبەری**. (العلامات الارشاديه والدالة)

بۆ زیاتر شارەزا بوون لەم نیشانانە دەست دەكەین بەڕوون كردنەوەیان لەڕووی شێوەو ناوەڕۆك و پەیوەندی یان بەیاسای لێخوڕینەوە بەدڵنیاییەوە.

أ-نیشانەکانی هاتوچۆی قەدەغە : ( العلامات المرور المانعه )

نیشانەکانی قەدەغەکردنی هاتوچۆی جیهانی زۆربەی لەشێوە بازنەیەکی سپیدا ئەبێت لەزۆر کاتدا وەچوار چێوەکەی بەرەنگی سور دەورە دراوە، وەقەبارەکانیان جیاوازە، گونجاوە لەگەڵ ئەو ڕێگەیەی کە دائەنرێ لێ، هەندێکیان تیرەی‌کەی ٦٠سم کەلەشەقامە فەرعیە قیرتاوکراوەکاندا دائەنرێ لەناو شاردا، هەنندێکی تریان تیرەکەی ٧٥سم لەڕێگا سەرەکی‌یەکاندا دائەنرێ کەوا پێشڕەویان تیایە، وەجۆرێکی تریان ١٢٠ سم لەو ڕێگایانە دائەنرێت کەڕۆشتن تیایاندا خێرایە.

وە ئەم جیاوازیەش لەم قەبارانەدا بۆ ئاسان کردنی بینینی ئەو نیشانانەیە لەلایەن شۆفیرەوە کەگونجاوە لەگەڵ خێرایی دیاری کراو لەو ڕێگایەدا، وە گەورەو بچوکی ئەم نیشانانە گونجاوە لەگەڵ خێرایی و لەسەر خۆ ڕۆشتن.



هەندی ڕێگا هەیە ئەکەوێتە ناوچە گەشت و گوزاریەکان یان بازرگانیەکان، پێویست دەکات هاتوچۆی هەموو جۆرە هۆیەکی گواستنەوەی تیا قەدەغەبکرێت، وەکو ئۆتۆمبیل بەهەموو جۆرەکانیەوە، ماتۆڕ ئۆتۆمبیلی کشتوکاڵی و بیناسازی و پاسکیل و عەرەبانە کەڕائەکێشری بەهۆی گیاندارانەوە یان پاڵی پێوە ئەنرێ لەلایەن مرۆڤەوە، وە

ئەم قەدەغەكردنی هاتوچۆیە هاتن و ڕۆشتن و چونە ژورەوەو هاتنە دەرەوە دەگرێتەوە.
وەقەدەغەكردنی هاتوچۆ یان بەدرێژایی ڕۆژگار دەبێت یان بۆ كاتێكی دیاری كراو دەبێت بەپێی ئەو نیشانە لاكێشەیەی كەدانراوە لەژێر نیشانەی هاتوچۆكەوە.





مانای ئەم نیشانەیە چونە ژورەوە قەدەغەیە بۆ هەمو جۆرە ئۆتۆمبیلێك بەم لایەدا، وەئەم نیشانەیە دائەنرێ لەسەرەتای چونە ژوورەوەی ڕێگا وەشەقامێك كەهاتوچۆی تیایا بەیەك لادا، ئەمەش بەمەبەستی ڕێك و پێك كردنی كاری هاتوچۆ كە پێویستە كاری هاتوچۆ لەو شەقامەدا بەیەك لادا بێت، وەلەكۆتایی ئەو شەقامەدا ئەبێت نیشانەیەك هەبێت ڕێگە بدات بەڕۆشتن بەو شەقامەدا بەیەك لادا كەپێچەوانەی ئەم نیشانەی قەدەغەیەیە.





ماناى ئەم نیشانەیە ئەوەیە کەچاوەڕێ کردن قەدەغەیە لەتەنیشتی ئەم ڕێگایە بۆ زیاتر لەپێنج دەقیقە، یان بەواتایەکی تر ڕێگات پێ ئەدرێ بۆ وەستان زیاتر نەبێت لەپێنج دەقیقە، وەئەم نیشانەیە لەو شەقامانە دائەنرێ کەعیادەی پزیشکی تیا زۆرە یان دەرمانخانە، یان دوکانی بازرگانی، چونکە لەو شەقامەدا بوار هەیە بۆ وەستان بێ ئەوەی کار لەسەر جوڵەی هاتوچۆ بکات لەو ماوەیەی کەدیاری کراوە، بۆ دابەزاندنو سەرخستنی پێداویستی یان سەرخستنو دابەزاندنی هاوڵاتیان، بۆ ئەوەی زۆربەی زۆری هاوڵاتیان سود وەربگرنو کارەکانیان جیبەجێ بکەنو بێئەوەی کاربکەنە سەر جموجۆڵی (جوڵە) هاتوچۆو هیچ تەگەرەیەك دروست ببێ.



ماناى ئەم نیشانە ئەوەیە کە شۆفێر نابێت بەلای ڕاستدا پێچ بکاتەوە، وە ئەم نیشانەیە دائەنرێت لەسەرەتای چونە ناوەوەی شەقامەکان کەبەستراوە بەشەقامی ترەوە لەلای ڕاست، وەهۆی ئەم قەدەغە کردنەش ئەگەڕێتەوە بۆ ڕێكو پێك کردنی کاری هاتوچۆ، وەئەم شەقامەش کەئەم نیشانەیەی لێ دائەنرێت ئەبێت یەك ڕێ ڕەو بێت وەتەنها بەکار دێت بۆ هاتنە دەرەوە. وەشۆفێر ئەبێت لەکاتی بینینی ئەم نیشانەیەدا بەرەو پێشەوە بڕواتو لانەدات بەلای ڕاستدا یان ئەتوانێ بەلای چەپدا لابدات. وە ئەگەر شۆفێر لایدا بەلای ڕاستدا ئەوا بەسەرپێچی کەر دائەنرێت وەلێپرسینەوەی لەگەڵدا ئەکرێت بەپێ ماددەی ٢١لە یاسای هاتوچۆ برگەی ((ب)).






ئەم نیشانەیە دائەنرێ لەشوێنی دیاری کراو لەشەقامەکان‌دا یان لەڕێگاکاندا کەوەستان تیایا پێویستە قەدەغەبکرێت، بەهۆی چەند هۆیەکەوە کەئەبی شۆفێر خۆی بزانێ، بۆ کاری ئاسایش یان گەشت و گوزار یان لەو شەقامەدا ڕۆشتن تیایا زۆر خێرایە کەوا وەستانی هەر ئۆتۆمبیلێک تیایا ئەبێتە هۆی دروست بوونی کۆسپ یان تەگەرە لەهاتوچۆدا یان ڕوودانی کارەسات لەبەر ئەوە وەستان تیایا قەدەغەیە. هەندێ کاتی تر هەیە کە پێویستە شۆفێر دور کەوێتەوە لەوەستان. نابێت شۆفیر ئوتومبیلەکەی بوەستێنێت لەتەنیشت هێڵی زەردەوە کەکراوە بەدرێژایی شۆستەکانەوە، وەستان قەدەغەیە لەهەردوو بەری شەقامەکە ئەگەر شەقامەکە جیا کرابۆوە بەهێڵی جووت، هەروەها ئەگەر ئەو وەستانە بووە هۆی ئەوەی ئەو نیشانەیە نەبینرێ لەلایەن کەسانی ترەوە، یان نزیک گۆڕەپانە یەکتر بڕەکان یان لەشوێنی پێچ کردنەوە، یان لەقەراغ ئەو شوێنانەی کە پێچ کردنەوەی تیایە یان لەسەر پردی کوڕ (چەماوە) یان لەشوێنی یەکتر بڕینی هێڵی ئاسن لەگەڵ ڕێگایەک کەلەیەک ئاستدا بن. هەروەها وەستان قەدەغەیە ئەگەر ببێتە هۆی مەترسی لەبەردەم ئەوانەی ڕێگا بەکار دەهێنن (خەڵکی پیادە ڕەو) وەکو وەستان لەنزیک شوێنی وەستانی پاص یان لەسەر شوێنی پەڕینەوە یان لەبەردەم قوتابخانەکان یان لەلای چەپی ڕێگا بەشەو (جگە لەو ڕێگایانەی کەڕۆشتن تیایا بەیەک

لایە) یـان وەسـتانێك کەئەبێتـە هـۆی نـەبینینی نیشـانەی هـاتوچۆ یـان ئەبێتـە هـۆی وەستانی جوڵەی هاتوچۆ، هەوەها هەندێك جار وەسـتان ئەبێتـە هـۆی بـێزار بوونـی کەسانی تر لەڕێگا تەسکەکانو یان تونێل (ئەگەر هیچ نیشانەیەك نەبێت ڕێگە بدات بەوەستان). وەستان قەدەغەیـە لـەو ڕێگایانـەی کـە ڕۆشتن تیایـا خێرایـە (جگـە لـەو شوێنانەی تایبەتە بەوەستان) وە لەڕێگاکانی دەرەوە (جگە لە کاتەکانی فریاکەوتن یان لەسەر قەراغی دەرەوەی شـەقامەکە)وە لـە دەرەوەی چونـە نـاوەوەی (خـارج المدخـل) گەراجی گشتی یان تایبەتی ئوتومبیل . وەهەرەها.وەستان قەدەغەیە لەو شوێنانەی کە ئوتومبیلـی فریاکـەوتن تیـا ئەوەسـتێت یـان دێتـە دەرەوە وەکـو بـەردەرگای نەخۆشخانەکانو عیادەی پزیشكو بەڕێوەبەرایەتی ئاگر کوژێنەوە. هەروەها وەستان قەدەغەیـە لـەو شـوێنانەی کەئەبێتـە هـۆی تەسـك بونـەوەی ڕێگاکـە یـان بەتەنیشـت ئوتومبیلێکی ترەوە کە وەستاوە (دوو ئوتومبیل بەتەنیشت یەکەوە لەیەك شوێندا) یان لـە لایـەکی شـەقامەکە بەرامبـەر ئوتومبیلێکی وەسـتاو، کەئەبێتـە هـۆی ئـەوەی ئـەو ماوەیەی ئەمێنێتەوە لەو ڕێگایە کەمترە لەپانی ئوتومبیلێکی تر، وەستان قەدەغەیـە لەنزیك کریکارو چاڵی ناو شەقامەکان.



مانای ئەم نیشانەیە ئەوەیە کە شـوفێر نـابێت لای ڕۆشـتنەکەی بگۆڕێـتو بـەلای چەپدا پێچ بکاتەوە، وە ئەم نیشانەیە لەو شەقامانەدا دائەنرێت کەهاتنو ڕۆشتن تیایا هەیەو شۆستەی ناوەڕاست جیایان دەکاتەوە هەروەها دائەنرێت لەو ڕێگایانە یان ئەو شەقامانەی کە کردنەوە یان بواری تیایەو ئەچێتە سەر شەقامێکی تر لـەلای چـەپی ڕێگا، وەلەکاتی پێچ کردنەوەدا بەلای چەپدا یەکتر بڕینێك دروست ئەبێت لەهاتوچۆدا لەگەڵ ئوتومبیلەکانی تر کە ئەبێتە هۆی تەگەرە لەهاتوچۆداو ڕێكوپێکی هاتوچۆ تێك

دەدات وەلەئەنجامدا کارەسات ڕوودەدات، وە سەرپێچی کەری ئەم نیشانەیە تووشی لێپرسینەوە دەبێت بەپێی ماددەی٢١ لەیاسای هاتوچۆ برگەی ((ب)) بۆیە پێویستە لەسەر شۆفێر بەرەو پێشەوە بڕوات یان بەلای ڕاستدا پێچ بکاتەوە. ئەگەر مەجالی پێچ کردنەوە هەبوو بۆلای ڕاست.



مانای ئەم نیشانەیە ئەوەیە ڕۆژە تاکەکان کەلەمانگێکدا هەیە وەستان قەدەغەیە لەو شوێنەی کەئەم نیشانەیەی لێ دانراوە، ئەتوانێت لەشوێنێکی تردا بوەستیت بۆ نمونە وەستان قەدەغەیە ئەگەر بەرواری ڕۆژ ١یان ٣ یان ٥...هتد بێت، وە بەپێچەوانەوە ئەگەر بەرواری ڕۆژ ٢یان ٤ یان ٦ ...هتد بێت ئەتوانیت بوەستیت لەو شوێنەی کە ئەم نیشانەیەی لێ دانراوە.



مانای ئەم نیشانەیە ئەوەیە ئەگەر بەرواری ڕۆژ لەمانگدا جووت بوو وەستان قەدەغەیە وەکو ڕۆژەکانی ٢،٤،٦... لەو شوێنەی کە ئەم نیشانەیەی لێ دانراوە وە ئەتوانیت لەبەرامبەر ئەم نیشانەیە یان لەشوێنی تر بوەستیت، ، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر بەرواری ڕۆژەکان تاك بوو وەکو ١،٣،٥ هتد بۆت هەیە بوەستیت لەبەردەم ئەم

نیشانەیەدا، ئەم نیشانەیە دائەنرێت لەو شەقامانەی کە دوکانی بازرگانی زۆری لێیە یان شوێنی گەشتوگوزار، بۆ ئەوەی وەستان لەو شوێنانەدا یەکسان بێت لەبەینی رۆژێکو رۆژێکی تردا. وەهەروەها بۆ ئەوەی کرێکاری پاکردنەوە ئەو رێگایانە بەئاسانی پاك بکەنەوە لە بەینی رۆژێك بۆ رۆژێکی تردا.







مانای ئەم نیشانەیە ئەوەیە وەستان ی هەموو ئوتومبیلێك لەشوێنێکی دیاری کراو لەکاتی بینینی ئەم دوو نیشانەیەدا، وەنابێ برۆین بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت لەلێپرسراوی تایبەت بەو شوێنە یان لەو خاڵی پشکنینە، ئەم نیشانەیە ئەبەسترێت لە زاڵگەکانو بنکەکانی گومرك وەخاڵی پشکنین، وەلەسەر شۆفێر پێویستە خێرایی کەم بکاتەوە، وە ئەبێت لەلای ڕاستی شەقامەکەوە بڕۆیتو ئوتومبیلەکەت بوەستێنیت لەشوێنی پشکنین یان لە پشت دوا ئوتومبیلەوە بوەستیت بۆ هەمان مەبەست.



ماناى ئەم نیشانەیە ئەوەیــە کەبــەکارهێنانى هــۆڕن قەدەغەیــە، ئــەم نیشــانەیە دائەنرێت لەو شــوێنانەى کــە دەنگــە دەنگــى تیــا قەدەغەیــە بــەهۆى تەندروســتى یــان دەرونــى، یــان بونــى نەخۆشــخانە، یــان بنکــە تەندروســتى‌یەکان یــان قوتابخانــە یــان فەرمانگە ڕەسمیەکان‌کە پێویست ئــەکات لــەو شــوێنانەدا هیــچ جــۆرە دەنگــە دەنگێــك نەبێت، یان ئەو ناوچانە قەرەباڵغە بەخەڵکى پیادە ڕەو یان لەو شوێنانە دائەنرێت کە ناوچەیەکى گەشت‌و گوزاریە کەپێویست ئەکات وەڕەس بون‌و بێزار بون لەو شوێنەدا نەبێت وە بەکارهێنانى هۆڕن قەدەغەیە لەهــەموو کاتێکدا لەماوەى ڕۆژهەڵاتنــەوە تاکو ڕۆژ ئاوا بوون بۆ پاراستنى حەواندنەوەى هاوڵاتیان وە ئامێرى ئاگادار کردنــەوە زۆر بەکــەمى بەکاریــەت ئەویش بۆ ئاگادار کردنەوەى خەڵکى پیــادە ڕەو، بەڕێوەبەرایــەتى پۆلیســى هــاتوچۆى گشــتى/ بــەیانى ژمــارە ٤ى ســاڵى ١٩٧٦ى دەرکــرد کــەتیایا بــەکارهێنانى هۆڕنــى قەدەغــەکردووە جگــە لــە ئوتومبیلــى فریاکــەوتن لــەناو شــاردا کەڕێگــەى پێــدراوە هــۆڕن بــەکار بهێنێت لــەکاتى پێویســتدا بەکــەمى، بــەڵام بەشــەو لەجیاتى بەکارهێنانى ئامێرى ئاگادارکردنەوە ئەتوانێت ئامێرى ڕووناک‌کەرەوە بەکار بهێنێت.




ئەم نیشانەیە کەمترین خێرایى دیارى دەکات، بەپێ ئەوژمارەیەى کەلەناو وێنەکەدا نوســراوە، وە خــێرایى دیــارى دەکــات لــەو ڕێگایــە بــەپێى بــارو دۆخــى ئــەو ڕێگایــە بــەگوێرەى فــراوانى یــان جــۆرو قەڵــەباڵغى تیایــا، وە پێویستە لەســەر شــۆفێر کەلــەو ژمارەیە تێپەر نەکات کەلەو نیشانەیەدا نوسراوە لەهەر کاتێك دابێت، بەمەبەستى ڕێکخ‌و

پێك كردنی هاتوچۆ لەشەقامەكانی ناوەوەو دەرەوەی شاردا وە بۆ كەم كردنەوەی ڕووداو بەمەبەستی پاراستنی گیانی هاوڵاتیان بۆ ئەو مەبەستەش بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی گشتی بەیانی ژمارە ١٢ی ساڵی ١٩٨٠ی دەركرد تیایا خێرایی دیاری كردووە لەهەموو ڕێگەكاندا.




مانای ئەم نیشانە ئەوەیە كە كۆتایی بەو دیاری كردنی خێرایی‌یە دێت كەوا پێشتر دانرابوو لەسەر ڕێگاكە بە ٤٠كم/كات ژمێرێكدا دیاری كرابوو، دوای ئەوە شۆفێر ئەتوانێت خێرایی‌یەكەی زیاتر بكات بەو خێرایی‌یەی دیاری كراوە لەو شەقامەدا بەپێی بەیانەكانی هاتوچۆ ئەگەر هیچ نیشانەیەكی تر نەبێت كەخێرایی دیاری بكات كەپێویستە تێپەڕ نەكات.



ئەم نیشانەیە دائەنرێ لەو ڕێگایانەی کەپێویست ئەکات هاتوچۆی ئوتومبیلی تیا قەدەغەبکرێت بۆ هەموو ئوتومبیلێك بەهەموو جۆرێکیەوە وەکو ئوتومبیلی صالون‌و بارهەڵگری بچوك‌و گەورە جگە لە ماتۆڕو پاسکیل‌و ئوتومبیلی کشتوکاڵی‌و بیناسازی، عەرەبانە کە ڕائەکێشرێ بەهۆی گیاندارانەوە یان بەهۆی پاڵ پێوە نانەوە، وەهۆی قەدەغەکردنەکەش ئەوەیە کەئەو ڕێگایە تەسکە یان ئەو ڕێگایە بەرگەی ئەوە ناگرێ کەئەو ئوتومبیلانە بەسەریدا بڕۆن بەهۆی چەند هۆیەکی ترەوە، کەبارو دۆخی ڕێك‌و پێك کردنی هاتوجۆ تیایا پەیوەندە بەشێوەی دروست کردنی ڕێگاکەوە.



مانای ئەم نیشانەیە ئەوەیە کەهاتوچۆی ماتۆڕ بەو ناوچەیەدا قەدەغەیە، ئەم نیشانەیە دائەنرێ لەو ڕێگایانەی کە ئوتومبیلی جیاواز لە شێوەدا یان جۆردا پیا هاتوچۆ دەکات وە بەخێرایی جیاوازو بەتایبەتی ترێلە بەباری گەروەوە کەهاتوچۆی تیا زۆر ئاسان نابێت کەلەوانەیە ڕووبدات ڕووداوێ لەم جۆرە ئوتومبیلانەدا، یان بەهۆی بارو دۆخێك کەپەیوەندە بە جۆرو کەسایەتی بەکارهێنەری ڕێگاکەوە.

بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی گشتی بەیانی ژمارە ٢٤ی ساڵی ١٩٨٠ی دەرکرد بۆ ئەو خاوەن ماتۆڕانە کەکڵاوی تایبەت لەسەر بکەن لەکاتی لێخوڕینی ماتۆڕدا.



مانای ئەم نیشانەیە ئەوەیە کەهەمو جۆرێکی پاسکیلی هەوایی قەدەغەیە لەم ڕێگایەدا چونکە خێرایی وەقەبارەکەی ناگونجێ لەگەڵ خێرایی و قەبارەی ئوتومبیلی تر کە بەو ڕێگایەدا دەڕۆن، لەوانەیە ببێتە هۆی ڕوودانی کارەسات، بۆیە پێویستە لەسەر خاوەن پاسکیلەکان لە قەراغی ڕێگەوە بڕۆن ئەگەر ڕێگەی تایبەتی هەبێت بۆ پاسکیل، خاوەن پاسکیل ئەبێت ئاگاداربێت کەڕێگای خێرا بەکار نەهێنێت.



مانای ئەم نیشانەیە ئەوەیە کەئەو عەرەبانانەی پاڵی پێوە ئەنرێ بەهۆی دەست یان ڕائەکێشری قەدەغەیە بەو ڕێگایەدا بڕوات چونکە کار ئەکاتە سەر هاتوچۆ، خێرایی ناگونجێ لەگەڵ خێرایی ئوتومبیل کەبەو ڕێگایەدا ئەڕوات و ئەبێتەهۆی ڕوودانی کارەسات وەهەروەها ئەو جۆرە عەرەبابانە لەگەڵ شارستانیەتدا ناگونجێ و شێوەیەکی

جوانی نیە لەناوچە گەشتو گوزاریەکاندا بەتایبەتی لەشارە سەرکی یەکاندا.



مانای ئەم نیشانەیە ئەوەیە کەخەڵکی (کەسانی) پیادە ڕەو قەدەغەیە بەو ڕێگایەدا بڕوات چونکە ئەو ڕێگایە خێرایەو ئەبێتە هۆی ڕوودانی کارەسات یان ئەو ناوچەیە کەڕێگای تیایە ناوچەیەکی ئەمنی یە ڕێگە نادرێت کەخەڵکی پیادەڕەو پیا بڕوات، یان ئەو ڕێگایە مەترسی یەکی تیایە بۆیە پێویست ئەکات کەهاتوچۆ قەدەغە بکرێت.




مانای ئەم نیشانەیە ئەوەیە کەئەو ئوتومبیلانەی بارەکانیان زیاترە لەوەی کەلەو نیشانەیەدا نوسراوە قەدەغەیە بەو ڕێگایەدا بڕوات، وەئەگەر باریشی پێ نەبێت نابێت پیا بڕوات چونکە لەوانەیە کێشەکەی لەوە زیاتر بێت کە لەنیشانەکەدا نوسراوە چونکە

ئەبێتە هۆی تێکدانی جوڵەی هاتوچۆ بەتایبەتی لەناوشاردا یان گواستنەوە ئەبێتە هۆی خراپ بوونی یان تێك شکاندنی پردێکی کۆن یان تەختە.




ئەم نیشانە* لەو ڕێگایانە دائەنرێت کە تایبەتمەندیەکی دیاری کراویان هەیە، ئەمەش مانای وایە ئەو ئوتومبیلانەی کەوا کێشی بارکراویان لەسەر هەر مەڵبەندێك لە مەڵبەندی محوەرەکانی زیاترە، (وەکو لەم وێنەیەدا ڕوون کراوەتەوە) قەدەغەیە بەو ڕێگەیەدا بڕۆن، وەئەم نیشانەیەش زۆرتر ئوتومبیلی بار هەڵگری گەورە دەگرێتەوە کەوا زیاتر لەدوو محوەر ئەگرێتە خۆی، وەك و لۆری و ترێلەو قاطرەو مقطورە کەزیادی بار لەسەر هەر محوەرێك لەمحوەرەکانی ئەبێتە هۆی تێك چوون یان خراپ بونی ڕێگا، یان پردی سەر ئاو هەیە کە بەرگەی قورسی زیاد ناگرێ.



ئەم نیشانەیە مانای ئەوەیە کەهەموو جۆرە هۆیەکی گواستنەوە کەبەسووتەمەنی ئیش دەکات قەدەغەیە بەو ڕێگایەدا بڕوات، ئوتومبیل بەهەموو جۆرەکانیەوە، ئوتومبیلی کشتوکاڵیو بیناسازیو ماتۆڕ کەبەسوتەمەنی ئیش دەکات جگە لەپاسکیل وە عەرەبانەی دەستی کەپاڵی پێوەئەنرێ لەلایەن مرۆڤەوە یان عەرەبانە کە ڕائەکێشری بەهۆی گیاندارانەوە، وە هۆی ئەم قەدەغە کردنەش ئەگەڕێتەوە بۆ دۆخێك کەپەیوەندە بەو ڕێگایەوە یان ئەو شەقامەوە.



ئەم نیشانەیە لەو ڕێگایانەدا دائەنرێ کەپێویست ئەکات ئامێری کشتوکاڵیو بیناسازی تیا قەدەغە بکرێت لەشەقامە قەلەباڵغەکاندا، وە ئەم جۆرە ئامێرانە لەڕێگای خێرا قەدەغەیە بۆ هەر حاڵەتێك بێت.

هەربۆ ئەم مەبەستەش بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی گشتی بەیانی ژمارە ٣ی ساڵی ١٩٧٥ یاسایەکی تایبەتی دەرکردووە:

١-نابێ ڕێگە بدرێت بەو ئامێرە کشتوکاڵیو بیناسازی یانە . لەڕێگاکانی دەرەوە بۆ شوێنێکی دوور هاتوچۆ بکات.

٢-لەسەر خاوەن شۆفێری ئەم ئامێرانە پێویستە کەئەو ئامێرانە بخەنە ناو لۆری یان ترێلە بۆ گواستنەوەیان بۆ شوێنێکی دوور لەڕێگاکانی دەرەوە.

هەروەها لەسەر شۆفێری ئەم ئامێرانە پێویستە لەکاتی هاتنە دەرەوەیان لەکێڵگەکانی ئیشدا بۆ پەڕینەوە لەڕێگاکانی دەرەوە یان بۆ شوێنێکی تر تایەکانیان

پاك بكەنەوە لەو قوڕەی كەپێوەیەتی، ئەگەر پاك نەكرێتەوە لەو قوڕە ئەوا ئەو كاتە ئەكەوێتە سەر شەقامە گشتی‌یەكان‌و ئەبێتە هۆی خلیسكان كاتێك ئوتومبیلێكی تر بەسەریا ئەڕوات، وە پێویستە لەسەر شۆفێر ئەم ئامێرانە كە بگ لایت یان هەرگلۆپێكی تری شیاو بێت یان فسفۆڕ بكرێت بەدوای ئامێرەكانیانەوە بۆ ئەوەی بەباشی ببینرێت لەلایەن شۆفێرەكانی دواوەی‌و ڕووداوی لەیەك دان ڕوو نەدات.



ئەم نیشانەیە لەو ڕێگایانەدا دائەنرێ كە عەرەبانەی پیا ئەڕوات‌و ناگونجێ لەگەڵ خێرایی ئوتومبیل، ئەو عەرەبانانەی كە ڕائەكێشرێ بەهۆی گیاندارانەوە كە پێویست ئەكات قەدەغە بكرێت بەهەموو جۆرێك، بەتایبەتی لەڕێگاكانی دەرەوە یان لەشەقامەكانی شارە گەورەكان، ئەویش بەهۆی باری سیاسی كەئەكەوێتە سەر ئەوڕێگایە، یان ئەبێتە هۆی تێكدان لە هاتوچۆدا كەئەبێتە هۆی ڕوودانی كارەسات، هەروەها ئەم عەرەبانانە قەدەغەیە لەڕێگا خێراكانی دەرەوە، وە ئەم نیشانەیە هاتوچۆی ئەم جۆرە ئامێرانە قەدەغە دەكات.



ماناى ئەم نیشانەیە ئەوەیە ئەو ئوتومبیلانەی کەوا بەرزییەکەی زیاترە لەوەی کەوا لەو نیشانەیەدا دیاری کراوە قەدەغەیە بەو شوێنەدا بڕوات کەئەم نیشانەیەی لێ دانراوە، وەئەم نیشانەیە ئەبەسترێت لە بەردەم شوێنی چونە ناو نەفەق (تونێل)یان لەسەر پردی پیادەڕەو یان لەسەر ئەو ڕێگایانەی کەتەلی کارەبای پیا تێپەڕ بووە لەم بەری شەقامەکەوە بۆ ئەو بەری شەقامەکە وە ئوتومبیل پیا تێپەڕ ئەبێت بە بەرزییەکی دیاری کراو، بۆیە پێویستە لەسەر شۆفێر بەرزی ئوتومبیلەکەی بزانێت یان بەرزی ئەو بارەی کە باری کردووە، بۆ ئەوەی بتوانێت بەئاسانی بەوشوێنەدا تێپەڕببێت لەکاتی بونی یەکی لەو بەربەستانەی کەباسمان کرد کەبەرزی بارەکە زیاترە لەبەرزی ئەو بەربەستە. وا باوە ئەو نیشانەیە لەسەرتای ڕێگاکە دائەنرێ-نیشانەیەکی ئاگادار کردنەوە-بەرزی ڕێپێدراو دیاری دەکات بۆ ئەوەی کە شۆفێر ڕێگایەکی تر بگرێت، لەکاتێ کەبەرزی ئوتومبیلەکە زیاتر بێت لەبەرزی دیاری کراو.




ماناى ئەم نیشانەیە ئەوەیە ئەو ئوتومبیلانەی پانیەکەی زیاترە یان پانی بارەکەی زیاترە لەوەی کە دیاری کراوە بەمەتر لەناو نیشانەکەدا قەدەغەیە بەو ڕێگایەدا بڕوات، وە ئەم نیشانەیە لەڕێگا یان لەشەقامە تەسکەکاندا دائەنرێ یان لەسەر پرد کە ئەو ئوتومبیلە ناتوانێت پیا تێپەڕبێت کەپانیەکەی زیاترە لەوەی کەدیاری کراوە لەو نیشانەیەدا کەدانراوە، وە لەئەنجامی ئەمەدا لێك خشاندنی ئوتومبیل لەگەڵ یەکدا ڕوودەدات. بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی گشتی بەیانی ژمارە ٦ی ساڵی ١٩٧٥ی دەرکردوو بڕیاری‌دا ڕێگە نەدرێت بەڕۆشتنی ئوتومبیلی بارهەڵگر . ئەو بارەی هەڵی

گرتووە گونجاو نیە چ لەشێوەو چ لەقەبارەدا، هەروەها لەم بەیانەدا بڕیار دراوە کەنابێ ئەو بارەی باری دەکات لە ١٥سم نەیەتە دەرەوە بەهەمان شێوە لەپێشەوەی ئوتومبیلەکە وە ئەم بارکردنە نابێ ببێتە هۆی داپۆشینی ژمارەکانی وگڵۆپەکانی و وەبوار بهێڵێتەوە بۆ بینین لەپەنجەرەی ئوتومبیلەکەوە چ پێشەوەو چ تەنیشت وەڕێگەی بینین لەئاوێنەی تەنیشت بهێڵێتەوە وەڕێگەی ئامـاژەی (اشـارە) دەستی لەلایەن شۆفێرەوە بهێڵێتەوە بۆ هەموو ئەوانی تر کە ڕێگە بەکار دەهێنن.



پێویستە لەسەر شۆفێر لەکاتی بینینی ئەم نیشانەیەدا پێش ئوتومبیلی تر نەکەوێت و پەیوەست بێت بەڕۆشتن بەدوای ئەو ئوتومبیلەی کە لەپێشیەوەیەتی، تاکو نیشانەیەکی تر ئەبینێ ڕێگە ئەدات بەوەی کەپێش ئوتومبیلی تر بکەوێت یان نیشانەیەك کەپێچەوانەی نیشانەی پێشوو ترە، وە ئەم نیشانانەش لەو شوێنانە دائەنرێ کەپانی ڕێگاگە یان شەقامەکە ڕێگە نادات بەپێش کەوتنی ئوتومبیل لە ئوتومبیلێکی تر کە لەپێشیەوەیە، وەسەرپێچی کردن لەم نیشانەیە دەبێتە هۆی ڕوودانی کارەسات، پێویستە لەسەر شۆفێر کەحاڵەتی تێپەڕ بوون قەدەغە بکات هەتا ئەگەر نیشانەی قەدەغەش نەبێت کاتێك نزیك ئەبێتەوە لەشوێنی پەڕینەوەی پیادە ڕەو یان ڕێگا یەکتر بڕەکان یان لەکاتی پێچ کردنەوەدا یان لەقەراغ گرد یان لەشوێنی بەیەك گەیشتن لەگەڵ هێڵی شەمەندەفەر کەلەیەك ئاستدا بێت لەگەڵ شەقامەکەدا یان ئەگەر ڕێگە تەسك بوو یان ئەو تێپەڕ بونە ببێتە هۆی زۆر لێ کردنی ئوتومبیلی تر کەتێپەڕ بێت لەدوو هێڵی تەنیشت یەك (بەیەك گەیشتوی یەك پارچە) لەناوەڕاستی شەقامەکەدا. یان

ئەگەر ئەو هێڵە پارچە پارچە نەبوو لەلای شۆفێر هێڵی دووەم پارچە پارچە بوو پێویستە لەسەر شۆفێر لەو هێڵە نەپەڕێتەوە ئەگەر دڵنیا نەبوولەو پەڕینەوەیە.



مانای ئەم نیشانەیە ئەوەیە پێویستە لەسەر هەموو خاوەن ئوتومبیلە گەورەکان وەکو ترێلەی بار هەڵگر پێش ئوتومبیلی تر نەکەوێت بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی تێك دان لەڕێك و پێکی هاتوچۆدا یان پێش کەوتن لەم ناوچانەدانەبێتە هۆی ڕوودانی کارەسات بەهۆی تەسکی ڕێگاکەوە یان بەهۆی هەر بارو دۆخێکی ترەوە بێت، وە پێش کەوتن قەدەغە دەبێت تاکو نیشانەیەکی تر دێت ڕێگە ئەدات بەپێش کەوتن. بۆیە پێویستە لەسەر شۆفێر پێش کەوتن قەدەغە بکات لەخۆی ئەگەر چی هیچ نیشانەیەك نەبێت ڕێگە بگرێت لە پێشکەوتن. ئەم نیشانانە دائەنرێت لەنزیك شوێنی پەڕینەوەی خەڵکی پیادەڕەو، لە ڕێگە یەکتر بڕەکان یان پێچ کردنەوەی زاویەکان یان لەسەر پرد یان شوێنی یەکتر بڕینیەهێڵی شەمەندەفەر لەگەڵ شەقامەکاندا کەلەیەك ئاستا بن، یان ئەگەر ڕێگاکە تەسك بێت یان تێپەڕ بون ببێتە هۆی زۆر لێ کردنی شۆفێری تر کە دوو هێڵی تەنیشت یەك ببڕێت (یەك پارچە لەسەر پێچەکاندا). یان ئەگەر ئەو هێڵە یەك پارچە بێت لەلای شۆفێرو لەکاتی بوونی هێڵێکی پارچە پارچە پێویستە لەسەر شۆفێر پێش کەوتن قەدەغە بکات ئەگەر دڵنیا نەبوو لەجۆڵی شەقامەکە یان هۆیەکی تر کە ببێتە هۆی مەترسی.



مانای ئەم نیشانەیە ئەوەیە کۆتایی ئەهێنێت بە وەختی (کاتی) قەدەغەکردنی پێش کەوتن کەپێشتر نیشانەی قەدەغەی پێش کەوتن دانرابوولەسەر ئەو ڕێگایە، وەلەم کاتەدا شۆفێر ئەتوانێت پێش ئوتومبیلی تر بکەوێت کەلەپێشیەوەیەتی چونکە بارو دۆخی ڕێگاکە ڕێگە ئەدات بەپێش کەوتن وەهیچ کارێك ناکاتە سەر جوڵەی هاتوچۆ.



کاتێك نیشانەیەکی قەدەغە دەبێت بۆ زیاتر لەکاتی قەدەغە، وە دوای ئەوە حاڵەتی ڕێگا ڕێك و پێك دەبێت پێویست دەکات کاتی قەدەغە لابرێت کەدانرابون لەسەر ڕێگا وەکو لەوشوێنەدا نیشانەی وەستان قەدەغەیە دانراوە وەنیشانەیەکی تر قەدەغەی پێش کەوتن دەکات وەیەکێکی تر قەدەغەی هاتوچۆی هەموو جۆرە ئوتومبیلێك دەکات. بەمەبەستی لابردنی ئەو حاڵەتی قەدەغە کردنە. ئەم نیشانەیە دائەنرێت کەئاماژە ئەدات بەوەی کەهەموو ئەو حاڵەتی قەدەغە کردنە لابراوە کەبەسەریا تێپەڕ بووە لەو ڕێگایە، بەمانای ئەو کاتی قەدەغە کردنە ئێستا ڕێگە دراوە بەبەکارهێنەری ڕێگا بەئارەزوی خۆی بەکاری بهێنێت.

**ب-نیشانەکانی پێشڕەوی:** (علامات الاسبقیه او الافضلیة)

ئەو نیشانانەیە کەدائەنرێ لەشەقامە یەکتر بڕەکان، بۆ دیاری کردنی پێشڕەوی لەبەکارهێنانی شەقامە یەکتر بڕەکان یان ڕێگا بۆ ئوتومبیلێك پێش ئەوی تر لە کاتی بوونی هەردوکیان لەیەك کاتدا وەلەیەك ڕێگادا (ڕێگایەکی یەکتر بڕ). وەبارو دۆخی هەر شۆفێرێك جیاوازە لەگەڵ شۆفێرێکی تر لەڕووی شوێنەکەیەوە لەو ڕێگایەدا یان ئەو ڕێ ڕەوی ئەوی تیایە یان کە ئەیەوێ بەکاری بهێنێ. وە ئەم نیشانانە پێی ئەوترێ نیشانەی پێشڕەوی وە شێوەکانیان جیاوازەو یەك شێوە نین وەکو نیشانەکانی قەدەغە یان نیشانەکانی ئاگادار کردنەوە.




مانای ئەم نیشانەیە ئەوەیە: بوەستە لەو شەقامە یەکتر بڕەی کەلەبەردەمت دایە، وە پێشڕەوی بدە بەکەسانی تر، وە ئەم نیشانەیە دائەنرێ لەشەقامە لاوەکییەکاندا کەوا ناوچەیەکە خەڵکی تیا نیشتە جێ بووە، یان بەربەستێك کەئەبێتە هۆی نەبینی ئوتومبیل. پێویستە لەسەری بوەستێت وە دڵنیا بێت لەجوڵی شەقامە سەرەکیەکە دوای دڵنیا بوون لەجوڵی شەقامەکە، ئەتوانێت بچێتە ناو شەقامە سەرەکیەکە یان ئەو شەقامە یەکتر بڕە بەشێوەیەکی لەسەرخۆ وە بەئاگاداریەوە.



مانای ئەم نیشانەیە: ئاگاداربەو پێشڕەوی بدە بەخەڵکی تر لەو گۆڕەپانە یەکتر بڕەی کە ئەم نیشانەیەی لێیە. ئەم نیشانەیە دائەنرێ لەگۆڕەپانە یەکتر بڕەکان، لەڕێگەی لاوەکی یان شەقامی لاتەنیشت شەقامێك کەوا لەشوێنە یەکتر بڕەکەیدا بینای تیانیە یان بەربەستێك کەببێتە هۆی نەبینینی کاتێك ئەگەیتە شوێنی بەیەك گەیشتنی شەقامێکی لاوەکی لەگەڵ شەقامێکی سەرەکی، تەماشای هەردوو لای هاتوچۆ بکە لەشەقامە گشتییەکەدا، وەلەکاتی بینینی ئوتومبیلێکی هاتوو بوەستەو پێشڕەوی بدەرێ و دوای دڵنیا بوون لەچۆڵی شەقامەکە لە ئوتومبیل ئەتوانیت بچیتە ناوەوە بێ وەستان.



ئەم نیشانەیە دائەنرێ لەڕێگاو شەقامە تەسکەکاندا، یان ئەو شەقامانانەی کەلەوانە نیە ئوتومبیلێك زیاتری پیا تێپەڕ بێت، ئەم نیشانەیە شۆفێر ئاگادار دەکاتەوە کەوا هاتوچۆ لەم ڕێگەیەدا پێشڕەوی تیایە، وەپێشڕەو ی بۆ ئەو ئوتومبیلەیە کە لەپێشتردا چۆتە ناوشەقامەکەوە بەپێچەوانەی ڕێ ڕەوی شۆفێرەکەو، ئەم نیشانەیە دائەنرێ لەو ڕێگایانەی کە ڕۆشتن تیایا بەپێچەوانەوەیە، یان لەشوێنێك کەلادانێکی کاتی تیا بێت، ئەوا ئەو ئوتومبیلانەی کەوا لەلای دووەم ئەڕوات پەنا ئەباتە بەر ئەوەی لەلای ڕاستی شەقامەکە بڕوات.



مانای ئەم نیشانەیە ئەوەیە کەوا پێشڕەو ی هاتوچۆ لەو شەقامەدا بۆ ئەو ئوتومبیلانەیە کەدێن لەڕێ ڕەوی بەرامبەرتەوە، وەنابێ ئوتومبیل بڕوات تاکو دڵنیا نەبێت لەنەبوونی ئوتومبیلی هاتوو لەبەرامبەریەوە. ئەم نیشانەیە دائەنرێ لەشەقامە تەسکەکاندا، وە لەو شەقامانەی کەوا هاتوچۆ تیایا دژ بەیەکەو شۆستەی ناوەڕاست جیا یان ناکاتەوە، هەروەها لەو شەقامانەدا دائەنرێت کەوا گواستنەوەیەکی کاتی (تحویلە موقتە) تیایە بەهۆی بوونی کرێکاری چاڵ هەڵکەن لەڕێ ڕەوی دووەمدا.





ماناى ئەم نیشانەیە تۆ بەئوتومبیلەکەتەوە بەڕێگایەکدا ئەڕۆیت کەوا پێشڕەوی بۆ تۆیە، پێشڕەوی بۆ تۆیە لەکاتی بوونی ڕێگایەکی تردا کەیەکتر ئەبڕێت لەگەڵ ڕێگاکەی تۆدا یان ڕێگایەکی تەنیشتی کەئەبەسترێت بەو ڕێگایەی کە تۆی تیای، تێبینی ئەم نیشانانە دەکەیت کەلە ڕێگا سەرەکی‌یەکاندا هەبێت یان لەسەر پرد یان لەڕێگەی خێرا.





ئەم نیشانەیە ماناى کۆتایی پێشڕەوی‌یە، واتە ڕێگا کەوا پێشڕەوی تیابوو پیا ئەڕۆیشتی لەلای ئەم نیشانەیەوە کۆتایی پێ دێت، وە ئاگاداربە لەو ڕێگایەی کەلەگەڵ ڕێگاکەتدا یەکتر ئەبڕێت. ئەو ڕێگایەی کەوا ئێستا تۆی تیای بووە بەڕێگایەکی لاوەکی (فرعی)وە ئەم نیشانەیە ئەبینرێت لەکاتی دەرچوونت لەڕێڕەوەکانی دەرچون کەلە پردەکان جیا ئەبێتەوە یان لەشەقامە گشتی‌یەکان.

## ج-نیشانەکانی هاتوچۆی پێویستە : (علامات المرور الاجبارية او الالزامية)

ماناى ئەم جۆرە نیشانانە ئەوەیە کە شۆفێر یان بەکارهێنەری ڕێگا پەیوەست بێت بەهەڵسانی کارێکی دیاری کراو، لەشێوەی بازنەیەکدا دەبێت کەتەختەکەی ڕەنگی شینە، لەناو بازنەکەدا تیرێك یان هێمایەکی تیایە کەڕەنگەکەی سپی‌یە جۆری ئەو ئیشە دیاری دەکات کەپێویستە بکرێت.

ئەم نیشانانە دائەنرێت لەو ڕێگایانەی کە ڕێگای لاوەکی زۆری لێ ئەبێتەوە، یان لەو

خاڵانەی کەلاکانی هاتوچۆی تیایە، یان لەو ناوچانەی کە هاتوچۆی پیادەڕەوی (المشاة) تیایە یان ئەوانەی سواری پاسکیل دەبن، یان هەچ فەرمانێکی پێویست کەداوای پاراستنی هاتوچۆیەکی ڕێکوپێک دەکات لەو ڕێگایەدا.



مانای ئەم نیشانەیە: بەردەوام بەلەڕۆشتن. تەنها بۆ پێشەوە. ئەم نیشانەیە دائەنرێت لەشەقامو ڕێگا ڕاستەکان، لەکاتێکدا یەک ئەبڕێ لەگەڵ شەقامێکی لاوەکی وەناتوانرێت پێچ بکرێتەوە بەهیچ لایەکدا.



ئەم نیشانەیە مانای پێویستە پێچ بکەیتەوە بەلای ڕاستدا، ئەم نیشانەیە دائەنرێت لەو ناوچانەی کەوا ڕێگاکە پێچ کردنەوەی تیایە بەلای ڕاستدا، یان شەقامێکی لاوەکی ئەکەوێتە سەر یان سەرەکی. پێویستە پیابڕۆیت وە ناتوانیت پێچ بکەیتەوە بەلای چەپدا، یان بەردەوام بیت لەسەر ڕۆشتن بەرەو پێشەوە.



مانای پێویستە پێچ بکەیتەوە بەلای چەپدا، ئەم نیشانەیە دائەنرێ لەو ڕێگایانەی کەوا پێچ کردنەوەی تیایە بەلای چەپدا، یان شەقامێکی لاوەکی یان سەرەکی ئەکەوێتە سەر، پێویستە پیا بڕۆیت وەناتوانیت پێچ بکەیتەوە بەلای ڕاستدا یان بەردەوام بێت لەسەر ڕۆشتن بۆ پێشەوە.



ئەم نیشانەیە مانای پەیوەست بونی شۆفێرە بەڕۆشتن بەرەو پێشەوە یان پێچ کردنەوە بۆ ئەو ڕێگایەی کە بەستراوە بەو ڕێگایەی کەشۆفێر پیا ئەڕوات لەلای ڕاست (پێچ کردنەوە بۆلای ڕاست). وە ئەم نیشانەیە دائەنرێ لەسەر ڕێگا ڕاستەکان کەوا ئەگات بەشەقامێك لەلای ڕاستەوە ڕێگە ئەدرێت پیا بڕوات.




مانای ئەم نیشانەیە خێرایی ئوتومبیلەکەتە، پێویستە لەسەر ٦٠کم/کاتژمێر بڕۆیت، وەنابێت بڕۆیت کەمتر لەوەی کە نووسراوە لەو نیشانەیەدا. وە ئەم نیشانەیە لەو ڕێگایانەدا دائەنرێت کەڕۆشتن تیایا خێرایە، کەتیایا کەمترین خێرایی و زۆرترین خێرایی دیاری دەکات، وەکو ئەزانرێت کەخێرایی زیاتر لەڕێگای خێرادا ١٠٠کم/کاتژمێرێکدا، وەکەمترین خێرایی نابێت لە ٦٠کم/ کاتژمێر کەمتر نەبێت، وەمەبەست لەمەش بۆ دڵنیایی یان پارێزگاری بە لەو ڕێگا خێرایەدا، کەئەگونجێ لەگەڵ جۆری ڕێگاکە، وەلە کاتی ڕۆشتنی کەمتر لەخێرایی کەمتر ئەبێتە هۆی کۆسپ لەهاتوچۆدا کەلەوانەیە ببێتە هۆی ڕوودانی کارەساتی زۆر ناخۆش.



مانای ئەم نیشانەیە ئەوەیە کە ئەو ڕێگایە تایبەتە بەپاسکیل، وەنابێ ئوتومبیلی پیا بڕوات وەلەبەر تەسکی ڕێگاکە، وە ڕۆشتنی ئوتومبیل بەو شەقامەدا ئەبێتە هۆی مەترسی بۆ ئەوانەی کە پاسکیل بەکارئەهێنن لەو ڕێگایەدا.



لەکاتی بینینی ئەم نیشانەیەدا، پێویستە لەسەر شۆفێر کەتایەکانی لەزنجیری تایبەت هەڵکێشی، ئەم زنجیرە لەو کاتانەدا بەکار ئەهێنرێ کەبەفر ئەبارێ یان ئەگەر ڕێگاکە قوڕ بوو بۆ ئاسان کردنی ڕۆشتن ئەم زنجیرە بەکار ئەهێنرێ، ئەگەر ئەم زنجیرە بەکار نەهێنرێ لەوانەیە ببێتە هۆی چەقینی تایەکان لەو بەفرەدا یان لەو قوڕەدا وەئەمەش ئەبێتە هۆی کۆسپ لەهاتوچۆدا، یان ڕوودانی کارەسات لەو شوێنەدا.



ئەمە یەکێکە لەنیشانەکانی پێویستە کەوا تایبەتە بەو کەسانەی کەسواری ئەسپ ئەبن یان هەر گیاندارێکی تر کەتایبەتە بەسواربوونی، ئەبێ ئەم نیشانانە لەدەرەوەی ڕێگای تایبەت بن بەئوتومبیل بۆ پاراستی گیانی ئەوکەسانەی کە سواری ئەسپ دەبن کەبەکارئەهێنرێت بۆ مەشق کردن وەکو ئەو ڕێگایانەی کە بەناو کێڵگە یان باخ و درەختدا دەڕوات کەیەکتر نابڕێت لەگەڵ ڕێگەی ئوتومبیل .



ئەم نیشانەیە دائەنرێ لەو ڕێگایانەی کەتایبەتە بەخەڵکی پیادە ڕەو، وەئەم ڕێگایانە پانیەکەی لەدوو مەتر تێپەڕ ناکات، وە لەقەراغی شەقامە سەرەکیەکاندا کەتایبەتە بەهاتوچۆی ئوتومبیل بۆ ئەوەی خەڵکی پیادەڕەو وای لێ نەیەت دابەزێتە سەر شەقامە سەرەکیەکان کەتایبەتە بەهاتوچۆی ئوتومبیل، ئەمەش بۆ پاراستنی گیانی هاوڵاتیان کە نەبن بەژێر ئوتومبیلەوە.

## ٢-نیشانەکانی هاتوچۆی ئاگادارکردنەوە. (علامات المرور التحذيرية)

نیشانەکانی هاتوچۆی جیهانی دائەنرێت لەڕێگاکانی ناوەوەو دەرەوە، وەئەم نیشانانە زۆر گرنگە بۆ ئاگادار کردنەوەی شۆفێر لەو مەترسیانە کەدێتە ڕێگەیان لەو ڕێگەیەدا. ئەم نیشانانە لەشێوەی سێ گۆشەدان، هەرسێ لاکەی یەکسانن. بنکەکەی لەخوارەوە یە وەسەرەکەی بۆ سەرەوەیە وەلاکانی ڕەنگی سورە، لەناو ئەم نیشانەیەدا وێنەیەك هەیە جۆرو شێوەی مەترسیەکە کەدێتە ڕێی ڕوون دەکاتەوە. وەپێویستە لەسەر شۆفێر لەکاتی بینیی ئەم نیشانەیەدا بزانێ وەئاگاداربێت لەوەی کەلەبەر دەمیا مەترسیەك هەیە وەکو نەخشێنراوە (وێنەکراوە) لەناو سێ گۆشەکەدا. وەباسی هەریەکە لەمانە دەکەین لەبەر گرنگی هەریەکەیان.



مانای ئەم نیشانەیە ئەوەیە: ئاگاداربە لەبەردەمتدا مەترسی جۆراو جۆر هەیە، کەباوەڕ (چاوەڕوان) ناکری ڕووبدات. بەتایبەتی کاتێك هیچ بەڵگەیەکی دیاری کراو نیە، وەکو بونی ڕووداوێکەی ئوتومبیل لەو ڕێگایەدا یان بوونی بەربەستێکی سروشتی وەکو درەخت یان بەرد کە لەوانەیە کەوتبێت لەو ڕێگایەدا یان کەوتنی هێڵی کارەبا یان هەرشتێکی تر لەو بابەتانە، بۆیە پێویستە لەسەر شۆفێر خێرایی کەم بکاتەوە بەشێوەیەکی واکەبتوانێت لەگەڵیا تێبینی ئەو مەترسیە بکات کەدێتە بەردەمی وەخۆی لابدات لەو مەترسییە، وەبەشوێنەدا تێپەڕ بێت بەئاسودەیی (سەلامەتی) یان بەدڵنیایی.



مانای ئەم نیشانەیە ئەوەیە کە ڕێگا بەدوو لایە ڕۆشتوو هاتوو، لەگەڵ نەبونی شۆستەی ناوەڕاست لەنێوانیاندا، وەئەم نیشانەیە لەو ڕێگایانە بەکار ئەهێنری کەفراوان نیە، کەوا جیا ئەکرێتەوە بەهۆی هێڵێك یان دوو هێڵی درێژی یەك پارچە، وە پێویستە لەسەر شۆفێر ئاگاداری وەربگرێت لەکاتی بینیی ئەم نیشانەیەدا وەخێرایی

کەم بکاتەوە، وەئاگاداربێت لە ئوتومبیلی هاتوو کە ڕووداوی لەیەکدان ڕوونەدات. لەم جۆرە ڕێگایانەدا پێش کەوتن قەدەغەیە یان پێچ کردنەوە یان گواستنەوە بۆ ڕێڕەوێکی تر.



مانای ئەم نیشانەیە: ئاگاداربە لەبەردەمتدا ڕێگایەکی یەکتر بڕ هەیە لەنێوان دوو ڕێگای سەرەکی، پێویستە خێرایی کەم بکرێتەوە وە ئاگاداری ئوتومبیلی هاتوو بیت لەلای ڕاست یان لەلای چەپ، وە ئاگاداری ئیشاراتی ترفیك لایت بە ئەگەر هەبوو یان ئیشاراتی پۆلیسی هاتوچۆ، بەرزترین ئاستی ئاگاداری وەربگرە لە ئوتومبیلەکانی تر لەکاتی گەیشتن بۆ ئەو ناوچەی یەکتر بڕە، لەگەڵ تێبینی کردنی نیشانەی پێشڕەوی ئەگەر وەستان بۆ تۆ نەبێت لەئاستی ئەو هێڵەی بەرامبەرت کەپێشان دراوە وەپێشڕەوی بدە بەلای ڕاست ئەگەر هەبوو، وە دڵنیابە لەچۆڵی ڕێگای دووەم لەئوتومبیل وەدوای ئەوە ئەتوانیت بڕۆیت بەدڵنیایی (ئاسودەیی).



مانـــای ئاگاداربـــه لەبـــەردەمتدا ڕێگـــای لاوەکـــی (فـــەرعی) هەیـــە کەلەگـــەڵ ڕێگـــا سـەرکییەکەدا یـەکتر ئەبڕێت. ئاگاداربـە لـەئوتومبیلی هـاتوو لەهـــەردوو لاوە لەگـەڵ تێبینی کردنی ئەوەی کەپێشڕەوی بۆ ئەو ئوتومبیلەیە کەلەسەر ڕێگە سەرەکییەکەیە، ئاگاداری ئەو ئوتومبیلانەبە کە دەرئەچن لەو ڕێگە لاوەکییانە یان ئەوانەی ئەیانەوێ پێچی بۆ بکەنەوە.



مانای ئاگاداربە لەبەردەمتدا ڕێگای لاوەکی هەیە لەلای چەپ، ئاگاداری ئوتومبیلی هاتوو بە کەدێت لەلای چەپی ڕێگا ، بۆیە پێویستە ئیشارەت بدەیتو خێرایی کەم بکەیتەوە وەلای چەپ بگریت ئەگەر ویستت پێچ بکەیتەوە بەلای چەپی ڕێگا.



مانای ئاگاداربە ڕێگایەکی لاوەکی هەیە لەلای ڕاستی شەقامەکەوە ئاگاداری ئەو ئوتومبیلانەبە کەدێنە ڕێگا سەرەکیەکە، پێشڕەوی هاتوچۆ بۆ ئەو ئوتومبیلانەیە کەوا لەسـەر ڕێگـا سـەرەکیەکانە، ئاگـاداری مـاتۆڕ بەکـەدێن لـەدواوە بەتەماشـا کردنـت لەناوێنەوە. وە ئەگەر لە ڕێگا لاوەکییەکەدا بوویت ، ئاگاداری ئەو ئوتومبیلانە بە کەوا

لەسەر شەقامە سەرەکیەکەیە ،بوەستە پێش چونە ناوەوە بۆ شەقامی سەرەکی دوای دڵنیا بونت لە چۆڵی شەقامەکە لە ئوتومبیل یان هەر شتێکی تر، ئەتوانیت بچیتە ناو شەقامە سەرەکیەکە (ڕێ ڕەوی لای ڕاستی شەقامەکە لەسەر خۆ) دوای ئەوە ڕێ ڕەوی گونجاو بگرە کە ئەگونجی لەگەڵ خێرایی ئوتومبیلەکەت.



مانای: ئاگاداربە ڕێگەیەکی لاتەنیشت هەیە لەلای چەپی ڕێگاکە، ئاگاداری ئەو ئوتومبیلانەبە کەوا دێنە سەر ڕێگا سەرەکیەکە، وەپێشڕەوی هاتوچۆ بۆ ئەو ئوتومبیلانەیە کەوا لەسەر ڕێگا سەرەکی‌یەکەیە، پێشڕەوی بدە بەهاتنی ئوتومبیلی هاتوو ئەگەر ویستت پێچ بکەیتەوە بۆ لای چەپی ڕێگا. وەئەگەر لە ڕێگا لاوەکی‌یەکەدا بوویت ئاگاداری ئەو ئوتومبیلانەبە کەلەسەر ڕێگا سەرەکی‌یەکەن، وەبوەستە پێش چونە ناو ڕێگا سەرەکی‌یەکە، وەدوای دڵنیا بونت لەچۆڵی شەقامە سەرەکیەکە لە ئوتومبیل ئەتوانیت بچیتە ناو شەقامە سەکی‌یەکە(ڕێڕەوی لای ڕاست لە سەرخۆ) دوای ئەوە ڕێڕەوی پێویست بگرە کە ئەگونجی لەگەڵ خێرایی ئوتومبیلەکەت.



مانای ئەم نیشانەیە بونی ڕێگایەکی لاتەنیشتە لەلای ڕاستی ڕێگاکە، کەبەیەک ئەگات لەگەڵ ڕێگایەکی سەرەکی بەشێوەیەکی لار. ئاگاداری ئەو ئوتومبیلانەبە کە ئەیانەوێ بچنە ناو ئەو شەقامە سەرەکیەی تۆی تیای، بەڵام ئەگەر تۆ لەڕێگا لاوەکی‌یەکەدا بوویت وە ویستت بچیتە ناو شەقامە سەرەکیەکە، ئاگاداری ئەو ئوتومبیلانەبە کەلە شەقامە سەرەکی‌یەکەوە دێت بە تایبەتی ئەوانەی کەلەڕێ ڕەوی لای ڕاستەوەن، وەپێشڕەوی بدەرێو دوای چۆڵ بوونی شەقامەکە لە ئوتومبیل ئەتوانیت بچیتە ناو شەقامە سەرەکیەکە، وە پەیوەست بە بەڕۆشتن لە ڕێ ڕەوی لای ڕاستی شەقامەکە. ئەگەر ویستت پێچ بکەیتەوە بەلای چەپدا ڕێڕەوی گونجاو بگرەو ئامارژە بدە بە ئوتومبیلەکانی دوای خۆت، دوای چۆڵ بوونی ڕێگاکە لە ئوتومبیلی هاتوو لەسەرخۆ پێچ بکەرەوە بەلای چەپدا بەئاگاداری‌یەوە.




مانای ئەم نیشانەیە ئەوەیە کە ئەو ڕێگایەی لەبەردەمتدایە لێژ ئەبێتەوە بۆ خوارەوە بە ڕێژەی ١٠٪ لەڕێژەی ئاستی ڕێگاکە. وا دائەنرێ کەئەو ڕێگایە بەڕێژەی لە١٠٠٪ ڕاستە (ڕێکە) بەڵام لەو ڕێگایەی بەردەمتدا لێژ ئەبێتەوەو زۆرتر وا هەست ئەکەیت بەوە کە خێرایی ئوتومبیلەکەت زیاتر ئەبێت لەو خێراریی‌یەی کەتۆ ئەتەوێت پێی بڕۆیت، هۆکەش ئەگەڕێتەوەبۆ ئەو لێژیەی کەلەڕێگاکەدا هەیە، وە پێویستە ئاگاداری وەربگریتو خێرایی کەم بکەینەوە. وە ئوتومبیلەکەت لەشوێنی لێژدا ڕانەگریت یان ئەگەروەستانیشت هاندبرێك ڕابکێشیت. لەم ڕێگە لێژانەشدا پێشڕەوی بدە بەو ئوتومبیلانە کە بەرەو لێژاییەکە سەردەکەون.




ئەم نیشانەیە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەو ڕێگایەی کەتۆی پیا ئەڕۆیت دەست بە بەرز بوونەوە دەکات بەڕێژەی ١٢٪. ئەم نیشانەیە دائەنرێ لە ڕێگا شاخاویەکانو ڕێگای بیابان، وەپێویستە لەسەر شۆفێر ئاگای لەو ئوتومبیلانە بێت کەدێنە خوارەوە، وە پەیوەست بن بەڕۆشتنەوە لە ڕێڕەوی لای ڕاست، وە هەوڵ بدات لەو سەرکەوتنەدا بزوێنەری ئوتومبیلەکەی نەکوژێتەوە، وەلە کاتی کوژانەوەی بزوێنەری ئوتومبیلەکەدا پێویستە هاندبرێك ڕابکێشێت لەترسی ئەوەی لێژ نەبێتەوە بۆ دواوە لەئەنجامی ڕاکێشانی موگناتیسی زەوی بەلای نزمترین خاڵ (شوێن)، لەگەڵ زانینی ئەوەی کە پێشڕەوی بۆ ئەو ئوتومبیلانەیە کە بەرەو سەرەوە دەڕۆن.



مانای کەڕێگا تەسك دەبێتەوە لەبەردەمتدا لەلای چەپەوە، وە پێویستە خێرایی کەم بکرێتەوە وەبچیتە لای ڕاستی ڕێگا بەشێوەیەکی لەسەرخۆ وە بەئاگاداریەوە، وە ڕێڕەوی پێویست بگرە بە ئاگاداریەوە ئەگەر لەلای چەپی ڕێگا بویت، پێش کەوتنو وەستان قەدەغەیە بەهەموو جۆرێك لەم کاتانەدا.



ماناى ئاگاداربه ڕێگا تەسک ئەبێتەوە لەبەردەمتدا لەلاى ڕاستى ڕێگـا، وەلـێرەدا هەندى ڕێگا هەیە بەهۆى بارو دۆخى سروشتى یان ئەندازیارى یان لەبەر بوونى چاڵ هەڵکەندن لەسەر ئەو ڕێگایە، وا لەو ڕێگایە دێت کە تەسک بکرێتەوە لاى ڕاستى ڕێگا ، وە ئاگادارى وەربگرە لەکاتى گەیشتنت بەو ناوچە تەسکانە، وە ئامارژە (ئیشارەت) بدە بۆ لاى چەپى ڕێگا، وەبچۆرە ڕێ ڕەوى پێویست لە سەرخۆ وەبە ئاگادارییەوە، پێش کەوتنو وەستان قەدەغەیە بەهەموو جۆرێک.



ماناى ڕێگا تەسک ئەبێتەوە لەبەردەمتدا لەهەردوو لاى ڕێگاکەوە، پێویستە خێرایى کەم بکرێتەوە بۆ نمرەیەک (دەرەجە یەک) بتوانیت پێچ بە ئوتومبیلەکەت بکەیتەوە بۆ ڕێ ڕەوى پێویسـت لەهـەردوو لاوە بـە ئاگاداریـەکى زۆرەوە وەپێشـڕەوى بـدە بـەو ئوتومبیلـەى کەلە بەردەمتدایە، پێش کـەوتنو وەستان قەدەغەیە بەهەموو جۆرێـک، ئەگەر ئەو ڕێ ڕەوەى کە تۆ پیا ئەڕۆیت شۆستەیەکى ناوەڕاست جیاى کردەوە لەڕێ ڕەوەکەى تر بەردەوام بە لەڕۆشتن تاکو ئەگەیتە ڕێگایەک کەشۆستەى ناوەڕاست جیاى

ناکاتەوە کە لەناو ئەو ڕێگەیەدایە کەڕۆشتن تیایا بەدوو لایەو هیچ شتێك جیایان ناکاتەوە جگە لە هێڵی سپی یەك پارچە، ئاگاداری وەربگرە لەو ئوتومبیلانەی کەبەرەو ڕووی تۆ دێت، وە پەیوەست بەبەڕۆشتنەوە لەڕێ ڕەوی لای ڕاست وە ئاگاداری خێرایی ڕێگە پێدراوە بە بە پێی جۆری ئەو ئوتومبیلەی کەڵێی دەخوڕیت وەئەو کاتەی تۆی تیای (شەوە یان ڕۆژ).



ئەم نیشانەیە مانای ئاگادارییە لەبەردەمتدا پێچ کردنەوە هەیە لەلای ڕاستدا وەپێویستە لەسەر شۆفێر خێرایی کەم بکاتەوە بۆ ئەوەی شۆفێر بتوانێت لاکەی (اتجاه) بە ئاسانی بگۆڕێتو پێچ بکاتەوە بەپێی شێوەی ڕێگاکە وە لاکەی (اتجاه)، وە ئەگەر وانەکات ئەبێتە هۆی وەرگەڕان یان لەیەك دان لەگەڵ ئوتومبیلی تر، وەنابێت پێش ئوتومبیلی تر بکەویت لەپێچەکانداو یان تیا بوەستیت.



ئاگاداربە لەبەردەمتدا پێچ کردنەوە هەیە بەلای چەپدا بۆیە پێویستە خێرایی کەم بکەیتەوە وە ئامارژە بدەیت لەکاتی پێچ کردنەوەدا، وەپێش ئوتومبیلی تر نەکەویت لەکاتی پێچ کردنەوەدا بەهیچ جۆرێك، وەتێبینی ئوتومبیلی هاتوو بکە بەشێوەیەکی زۆر وورد، وە تێبینی ئەو ئوتومبیلانە بکە کەلەپشتەوە دەڕۆن لەترسی بوونی ئوتومبیلی گەورە یان ئوتومبیلی سەرپێچی کەر کەئەیەوێ پێش بکەوێ لەپێچەکاندا.



مانای ئاگاداربە لەبەردەمتدا دوو پێچ هەیە یەکەمیان بۆ لای چ[illegible] بۆیە پێویستە لەسەر شۆفێر ئاگاداری وەربگرێت وە خێرایی کەم بکاتەوە لەکاتی بینینی ئەم نیشانەیەدا وە ئاگاداری ڕێگا بێت، وەپێچەکان وێنە کراوە بەنشانەیەك کەشێوەی ڕێگاکە ئەنوێنی بەشێوەیەکی بچوك، وە پێویستە ئامارژە بدەیت لەکاتی پێچ کردنەوەداو ڕۆشتن لە سەرخۆ هەتا بتوانیت بەتایبەتی لەکاتی شەودا، یەکەم جار پێچ کردنەوە بۆ لای چەپ دووەم جار بۆ لای ڕاست بەپێی داواکاری پێچەکانی ڕێگا، وەستان و پێشکەوتن قەدەغەیە بەهەموو جۆرێك.



مانای لەبەردەمتدا شەقامەکە لەگەڵ هێڵی شەمەندەنەفەر یەکتر ئەبڕێ کەلەیەك ئاستدان وە بێ دەرگایە، ئەم نیشانەیە دائەنرێ لە دوری ٧٥ مەتر پێش هێڵی شەمەندەنەفەر کەوا هیچ دەرگای لەسەر نیە، لاکێشەی ئاگادارکەرەوە ئەگرێتە خۆی بەدوری هێڵی شەمەندەنەفەر لە ماوەی ٢٥ مەتر لەشوێنی نیشانەکە وەلەهەردوو بەری هێڵی شەمەندەنەفەرەکە وە شۆفێر پابەند ئەکات بەوەی بەرزترین ئاستی ئاگاداری وەربگرێ لەشەمەندەنەفەر کەوا ئەڕوات و ڕێگاکە ئەبڕێت لەهەردوو تەنیشتەوە. پێشڕەوی بۆ شەمەندەنەفەرە چونکە توانای وەستانی ڕاستەوخۆی نیە لەکاتی تێپەڕ بوون بەسەر ڕێگاکەدا، وە لەکاتێکدا گوێت لەدەنگ یان ئەیبینی پێویستە بوەستیت لەدووری‌یەکی دیاری کراودا پێش هێڵی شەمەندەنەفەر تاکو تێپەڕ دەبێت، وە ماوەی دیاری‌کراو زیاتر ئەبێت بە دوونەوەندە ئەگەر ئەو یەکتر بڕینەی نێوان هێڵی شەمەندەنەفەرو شەقامەکە لە ڕێگاکانی دەرەوەبێت.



مانای ئەم نیشانەیە ئەوەیە: ئاگاداربە لەبەردەمتدا یەکتر بڕینی هێڵی شەمەندەنەفەر هەیە لەگەڵ شەقامەکەدا کەلەیەك ئاستدان وە پارێزراوە بەدەرگا. پێویستە لەسەر شۆفێری ئوتومبیلەکان ئاگادار بێت لەم یەکتر بڕینەدا، وە تێبینی دابەزینی دەرگاکە بکات لە کاتی بڕینی ڕێگاکە، وەبینینی گلۆپ، یان گوێی لەزەنگی ئاگادار کردنەوە بێت کە لێ ئەدرێت پێش گەیشتنی شەمەندەنەفەر بۆ ناوچەی یەکتر بڕ. وە پێوستە لەسەر هێڵی شەمەندەنەفەر نەوەستێت یان دوای ئوتومبیلێکی تر بکەویت هەتا لەو شوێنی‌یەکتر بڕە تێپەڕ دەکات. وەهەموو خاڵەکانی پەڕینەوە پارێزراوە بەدەرگا بەتایبەتی لەڕێگاکانی ناوەوە، بەتایبەتی لەو ڕێگایانەی هاتوچۆی

زۆری تیایە، یان تێپەڕ بونی شەمەندەنەفەر بەکاتی جیا جیا، لەگەڵ بونی بەربەستی جۆراو جۆر کە ڕێ لەبینینی دەگرێت وەکو خانوو ودرەختو شتیتر.



مانای ئاگاداریە لەبەردەمتدا ڕێگای یەکتربڕ هەیە لەگەڵ یەك هێڵی شەمەندەنەفەر. بۆیە پێویستە خێرایی کەم بکەیتەوەو لەسەر هێڵەکە بپەڕیتەوە لەسەرخۆ لەبەر ئەوەی هیچ زیانێك بە ئوتومبیلەکەت نەکەوێت، وە ئاگاداریە لەهاتنی شەمەندەنەفەر وە پێویستە ماوەی دیاری کراوو پێویست بەجێ بهێڵیت لەبەینی ئوتومبیلی خۆتو ئوتومبیلی بەردەمت، وەنابێ بوەستیت لەسەر یان نزیك شوێنی یەکتر بڕینی هێڵی شەمەندەنەفەر لەگەڵ ڕێگا یان تێپەڕبوون بەهیچ جۆرێك.



مانای ئاگاداریە لەبەردەمتدا یەکتر بڕین هەیە لەگەڵ دوو هێڵی شەمەندەنەفەر. مانای زیاتر لەیەك هێڵی ئاسن کە تاسەی یەك لەدوای یەك دروست دەکات، وە پارێزگاری ئوتومبیلەکەت بکە لەزیان لەکاتی تێپەڕ بوونت بەسەریا بۆ ئەو مەبەستەش بەکەمترین خێرایی بڕۆ لەگەڵ ئاگاداریت لەهاتنی شەمەندەنەفەر وەئاگاداری ئیشاراتی ئاگادارکردنەوەی دەنگ‌وڕووناکیبە، وەلەسەر هێڵەکان مەپەڕیرەوە تاکو شەمەندەنەفەر تێپەڕ دەبێت وەدڵنیا بیت لەوەی کە شەمەندەنەفەری تر نایەت لەسەر هێڵی دووەم.



ئەم نیشـانەیە مانـای ئاگاداربە لەبەردەمتدا کرێکـار هەیـە لەسـەر ڕێگـا، وە ئـەم نیشانەیە دائەنرێ لەسەر ئەو ڕێگایانە کەوا چاککردن یان چاڵی تیایە، وە دائەنرێ لەدووری یەکی پێویست پێش شوێنی ئیش کردنەکە بەمەبەستی ئاگادار کردنەوەی شۆفێرە بۆ کەم کردنەوەی خێراییەکەی بەڕادەیەکی زۆر کەم بەتایبەتی لەشەودا، وە ئەم نیشانەیە ئەوە ئەنوێنی کەلەو شوێنەدا لادانێکی کاتی هەیە، لەکاتێکدا ئیشەکە لەناوەڕاستی ڕێگاکەیـە، پێویسـتە ڕێگایـەك وەربگـرێ لـەو گواسـتنەوەیە (لادانـە) بەئاگاداریـەکی زۆر وە نـابێت بوەسـتیت نزیـك کرێکـاری ئیـش کـردن لـەڕێگا وەپێـش کەوتن تیایا قەدەغەیە بەهەموو جۆرێك



ئەم نیشانەیە مانای ڕێگاکە خلیسـ[illegible] بەهۆی نەرمی ئەو قیرەی کەشەقامەکەی پێ قیرتاو کراوە یان هەر هۆیەکی تر کەوا لەو ڕێگایە بکات خلیسك بێت، بەبوونی ئەو شەپۆلانەی کەلەئـەنجامی ڕۆشتنی ئوتومبیلـی گـەورە یـان بوونـی قـوڕ لەسـەر ڕێگـا کەلەسەر گردەکانەوە ئەکەوێتە خـوارێ بـۆ سـەر ڕێگاکـە، دوای بـاران بـارین ڕێگاکـە

خلیسك دەبێت، وە پێویستە لەسەر شۆفێر خێرایی کەمبکاتەوە بۆ کەمترین خێرایی لەکاتی بینینی ئەم نیشانەیە، وەئامێری وەستان بەخێرایی بەکار نەهێنێ کەئەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانێ خۆی زاڵ بکات بەسەر ئوتومبیلەکەی‌دا دوایی لەدەستی وەربگرێو هەڵگەڕێتەوە یان وەرئەگەڕێ بەتایبەتی کاتێك تایەکانی ساف بووبێت لەبەر کۆنی تایەکان.



مانای ئەم نیشانەیە ئاگاداربە قەراغ ڕووبارە، وەئەمە شۆفێر ئاگادار دەکاتەوە لەوەی کەڕووبار یان دۆڵ هەیە یان شۆستەی قەراغ دەریا نزیکە لەشەقامەکەوە کەوا دیواری ڕێگر نیە لەسەر شەقامەکە بەپێی پێویست، پێویستە لەسەر شۆفێر ئاگادار بێت وەخێرایی کەمبکاتەوە، بەشێوەیەك کەبتوانێ لەو ناوچەیە بەئاسانی تێپەڕبێت لەقەراغ ئەو ڕووبارە یان شۆستەی قەراغ دەریا یان دۆڵ بەهەموو دڵنیاییەك، وەخێرایی زۆر لەم ناوچانەدا ئەبێتە هۆی پێچکردنەوەو وەرگەڕانی ئوتومبیل وەدوای ئەوە وای لێ دێ بکەوێتە ئەو ئاوەوە یان ئەو دۆڵەوە.



مانای ئاگاداربه تلەبەرد ئەکەوێتە خوارەوە، وەئەوەی ئاشکرایە هەندێ بەرد یان بەردی گەورە لەناوچە شاخاوی‌یەکاندا یان گردۆلکە بەرزەکاندا لەکاتی جولاندان، وەلەکاتی هاتوچۆی ئوتومبیلدا لەو ڕێگایانەی کەدرێژ کراونەتەوە تیایا، وەئەو جولەیە وای لێ ئەکات ئەو تلەبەردانە بجولێنێ‌و بکەوێتە خوارەوە یان بەردی گەورە بکەوێتە خوارەوە وە ببێتە هۆی زیانگەیاندن‌و ڕێگەگرتن لەناوەڕاستی ڕێگەکەدا، بۆیە پێویستە ئاگادار بێت لەکاتی ڕۆشتن لەو ناوچانەدا، وەئامێری ئاگادارکردنەوە بەکارنەهێنیت یان زۆر هێز لەبزوێنەری ئوتومبیلەکەت بکەیت لەترسی دەنگدانەوەی ئەو دەنگە یەك لەدوای یەکە کەئەبێتە هۆی جولانی ئەو بەردانەو بکەوێتە خوارەوە.




مانای ئاگاداربە لەبەردەمتدا پرد هەیە بەدەرگاوە، هەندێ پرد هەیە کەشێوەی دروستکردنەکەی جولاوە (متحرکە) مەبەست لەمەش دلنیاکردنی پەڕینەوەی ئوتومبیلە بەبەرزکردنەوەی بۆ سەرەوە یان جولاندنی بۆ لایەکی تر، یان پاپۆڕ هەیە کەبەرزی‌یەکەی زیاترە لەئاستی پردەکەو ئەم پردانە پارێزراوە بەدەرگا، یان ئەپارێزرێ بەهۆی پۆلیسی هاتوچۆوە، کاری هاتوچۆ ڕێکدەخات‌و شۆفێر ئاگادار دەکاتەوە پێش کردنەوەی یان داخستنی پردەکە، پێویستە لەسەر شۆفێر ئاگادار بێت وەئاگاداری وەربگرێت وەدلنیا بێت پێش پەڕینەوە لەهاتنی بەلەم لەو ڕووبارەدا.



ئەم نیشانەیە مانای ئاگاداربە لەبەردەمتدا ڕێگاکە بەرزو نزمە (متموجە)، هەندێ ڕێگا هەیە کەسروشتی ڕێگاکە وایە بەرزو نزمە، وەهەندێکیان بەرزیو نزمیەکەی تیژەو ئاسان نیە بۆ شۆفێر لەکاتی سەرکەوتنی‌دا ئەو ئوتومبیلانە ببینێ کەدێن لەبەرامبەریەوە لەبەر ئەوەی لەوانەیە لەشوێنێکی نزمدا بێت، زۆرتر ڕووداوی ناخۆش ڕوودەدات لەئەنجامی ئەم بەرزو نزمیەدا، بۆیە پێویستە لەسەر شۆفێر لەکاتی بینینی ئەم نیشانەیەدا خێرایی کەمبکاتەوە بۆ کەمترین خێرایی (ئاست) وە ڕێڕەوی لای ڕاست بگرێت. وەئامێری ئاگادارکەرەوە بەکار بهێنێت لەکاتی ڕۆژدا یان ئامێری ڕووناکەرەوە لەکاتی شەودا بۆئاگادارکردنەوە، وەپێش‌کەوتن‌و وەستان قەدەغەیە. پێشڕەوی بۆ ئەو ئوتومبیلانەیە کەبەرەو سەرەوە دەڕۆن.



مانای ئاگاداربە لەبەردەمتدا یەکتر بڕینێك هەیە لەشەقامەکاندا کەڕێك‌و پێکی هاتوچۆ تیایا ڕێك‌دەخرێت بەهۆی ترفك‌لایتەوە وەئاگاداری وەربگرەو خێرایی

کەمبکەرەوە، وەپەیوەست بەبەو ئیشارەتەی لەترفکلایتەکەدا دێتە ڕێت کەلەگۆڕەپانە یەکتربڕەکەدا دانراوە، وەلەکاتی بینینی گڵۆپی سوور بوەستە لەبەردەم هێڵی دیاریکراو، وەلەکاتی دەرکەوتنی ڕەنگی سەوزدا بەپێی خێرایی پێویست دەست بەڕۆشتن بکە، وەئەگەر گڵۆپی زەرد داگیرسابوو خۆت ئامادەبکە بۆ وەستان وەخێرایی کەمبکەرەوە بۆ کەمترین خێرایی بۆ ئەوەی وەستانەکەت لەسەر خۆبێت چونکە گڵۆپی سوور بەدوایا دادەگیرسێت، وەپێشرەوی هاتوچۆ بۆ ئەو ئوتومبیلانەیە کەلەناو گۆڕەپانەکەدایە (گۆڕەپانی یەکتربڕ) لەئەو ئوتومبیلانەی کەئەیانەوێ بچنە ناو گۆڕەپانەکە.



مانای ئاگاداربە قوتابخانەی منداڵان هەیە، وەئەم نیشانەیە دائەنرێ لەڕێگا یان ئەو شەقامانەی کەقوتابخانەی منداڵانی ئەکەوێتە سەر، شۆفێر ئاگادار دەکاتەوە لەوەی کەئاگاداری وەربگرێت وە خێرایی کەمبکاتەوە بۆ ٢٥کم/کاتژمێر لەپێناوی ئەوەی کەزاڵ بێت بەسەر ئوتومبیلەکەیدا بۆ وەستان بەئاسانی لەشوێنی پەڕینەوەی منداڵان یان لەکاتێکدا ئەبینن ئەو ئوتومبیلانەی کەتایبەتە بەگواستنەوەی منداڵان، منداڵان دادەبەزێنن یان سەری ئەخەن، یان بینینی ئەندامێك لەوانەی نیشانەی پارێزراوی ڕێگا هەڵدەگرن. (سلامه العامه).



ماناى ئاگادارىيە لەبەردەمتدا شوێنى پەڕینەوەى خەڵكى پیادەڕەو هەیە، وەئەم نیشانەیە دائەنرێ لەبەردەم شوێنى پەڕینەوەى خەڵكى بەدوورى ٥٠مەتر بەلایەنى كەمەوە. وەتێبینى شوێنى تایبەتى پەڕینەوەى خەڵكىبە، وەلەكاتى بوونى كەسێك كەئەیەوێ بپەڕێتەوە پێویستە ئوتومبیلەكەت بوەستێنیت پێش هێڵى پەڕینەوە، وەرێگە بدرێت بەپەڕینەوەى خەڵكى پیادەڕەو، وەدواى چۆڵبوونى شوێنى پەڕینەوە لەخەڵكى پیادەڕەو، شوفێر ئەتوانێت ئوتومبیلەكەى لێبخوڕێت، وەپێشڕەوى بۆ خەڵكى پیادەڕەوە، ئەوانەى چونەتە ناوچەى پەڕینەوە لەئەو ئوتومبیلانەى كەئەیەوێ بەوێدا بڕوات.



ماناى لەبەردەمتدا ئاژەڵ هەیە لەسەر ڕێگاكە، ئەم نیشانەیە دائەنرێ لەڕێگاكانى دەرەوە، وەزۆرتر لەو ڕێگایانەى كەدێهاتیان ئەكەوێتە سەر یان شوێنى تایبەتە بەئاژەڵ، بۆیە پێویستە لەسەر شوفێر ئاگادارى ئەو گیاندارانە بێت كەئەپەڕێتەوە لەمبەرى شەقامەكەوە بۆ ئەوبەرى شەقامەكە، پێویستە لەسەر شوفێر خێراییەكەى كەم بكاتەوە بۆ ئاستێك كەوا بتوانێ ئوتومبیلەكەى بەئاسانى بوەستێنێو ئەو گیاندارانە نەكات بەژێرەوە لەكاتى پەڕینەوەیان.



مانای ئەم نیشانەیە ئەوەیە ئاژەڵی کێوی هەیە لەم ناوچەیەدا، ئەم نیشانەیە دائەنرێ لەو ڕێگایانەی کە ناوچەیەکی کشتو کاڵی‌یەو گەشتوگوزاری نیە، هەروەها لەناوچە شاخاوی‌یەکاندا کە گیانداری کێوی زۆری لێیەو لەپڕ ئەپەڕنەوە لەم بەری شەقامەکەوە بۆ ئەو بەری شەقامەکە، لەوانەیە ببێتە هۆی شڵەژاندنی شۆفێرو کارەساتی ناخۆش ڕووبدات، لەئەنجامدا ئەو گیاندارانە بکات بەژێرەوە یان ببێتە هۆی وەرگەڕانی ئەو ئوتومبیلە، بۆیە پێویستە لەسەر شۆفێر خێرایی کەم بکاتەوە وە ئاگاداری وەربگرێ بەشێوەیەکی زۆرباش لەو ئاژەڵە کێوی‌یانە.



مانای ئەم نیشانەیە ئەوەیە ئاگادارت دەکاتەوە لەوەی کە تۆ لەناوچەیەکی کە فرۆکەی نزمی لێیە بەهۆی بونی فرۆکەخانەوە لەو ناوچەیە، پێویستە ئاگاداری ڕێگا بیت بە ووریایی‌یەوە لەبەر بێزاربوون لەدەنگی فرۆکە، کە لەوانەیە ببێتە هۆی هەندێ شڵەژاندن لە لێخوڕینی ئوتومبیل، بۆیە پێویستە ئاگاداری تەواو وەربگریت وە ئوتومبیلەکەت بەهێواشو لەسەرخۆ لێخوڕیت.



ئەم نیشانەیە مانای ئاگاداربە لە بەردەمتدا دوو پێچ هەیە یەکەمیان بۆ لای ڕاست، بۆیە پێویستە ئاگادار بیتو خێرایی ئوتومبیلەکەت کەم بکەیتەوە، وە لەکاتی پێچ کردنەوەدا ئیشارەت بدەیتو پێش ئوتومبیلی تر نەکەویت یان تیایا بوەستیت.

## ٣-نیشانەکانی ڕێ پیشاندەریو ڕێبەری (علامات الارشادیە والدالە)

ئەو نیشانانەیە کە لەشێوەی لاکێشەدان یان چوارگۆشەدان تەختەکەی ڕەنگی شینە وە لەناوەڕاستیدا چوارگۆشەیەکی سپی هەیە وێنەی تیا دروست ئەکرێ بە ڕەنگی ڕەش، هێمایەکە شێوەی مەبەست ڕوون دەکاتەوە کە هەیە لەنزیك ئەو شوێنەی ئەم نیشانەیەی لێ دانراوە، لەپێناوی ڕێپیشاندانی خەڵکی یان شۆفێر بۆ پێویستیەکانی وەکو چێشتخانە یان ئوتێل یان شوێنی چاککردنی ئوتومبیل یان شوێنی فرۆشتنی بەنزین، هەندێ جار وێنەکە کە لەناو چوارگۆشە سپی‌یەکەدایە ڕەنگی سورە، کە وێنە ئەکرێ یان ئەنوسرێ بە ڕەنگی سپی لەبنکەی لاکێشە یان چوارگۆشە شینەکەدا نیشانەکانی تر کە لەشێوەی ئەمانن لەشێوەی ئەندازەیی‌دان بەلاّم ڕەنگیان سەوزە لەڕێگەکانی دەرەوەدان لەناویا بەڕەنگی سپی وێنە کراوە، تیر (سهم) هەیە بەلای (اتجاهی) ئەو ڕێگایانە کە دەچێ بۆ شارە گەورەکان یان ناحیەکان یان دێکان وە لەناویا ناوی ئەو ناوچانە نوسراوە کە تیری بۆ کراوە، وەهەندێ نیشانە لەشێوەی چوارگۆشەدان بنکەکەی سپی‌یە وە لە ناویا نیشانەی ڕێ پیشاندەر هەیە، وە ئەم نیشانانە ئاماژە ئەدا بە شوێنی چونە ناو شارەکە یان ناحیەکە وە دائەنرێ لە

ڕێگاکانی ناوەوە وە یان ئەگەر نیشانەکە بەڕەنگی شین بوو وە وێنەکە لەناویا بەڕەنگی سپی بوو وە هێمایەکی دیاری کراو بوو ئەوە ئاماژە ئەدا بە ڕێگای ڕۆشتنی خێرا، وە ئەگەر وێنەکەی ناوی تیری سپی بوو ئەوە نشانەی ڕێگایە بەیەك لادا.



مانای ئەم نیشانەیە/ ئەوەیە لەبەر دەمتدا پاش دووری‌یەکی کەم بەنزین خانە هەیە، زۆر جار پێشتر نیشانە هەیە بەهەمان شێوە تیا نوسراوە پاش دووری‌یەکی دیاری کراو بەنزین خانە هەیە لەو شوێنەوەی کە ئێستا تۆی تیای لەبەر ئەوەی خێرایی ئوتومبیلەکەت کەم بکەیتەوە وە ئاگاداری ئەو ئوتومبیلانە بە کە لەبەنزین خانەکە دێنە دەرەوە یان بۆی دەچن وە زۆرتر بەنزین زیاد وەربگرە کە پێویستت پێ‌یەتی.




مانای ئەم نیشانەیە/ لەبەر دەمتدا بە دووری‌یەکی کەم نەخۆشخانە هەیە، بۆیە پێویستە خێرایی کەم بکەیتەوە یان ئاگاداری ئوتومبیلی فریاکەوتن بە کە دەچێت یان دێنە دەرەوە لێی وە پێویستە شۆفێر ئامێری ئاگادار کەرەوە بەکار نەهێنێ یان هیچ جۆرە کاتێکی بێزاربوون دروست نەکات لەبەر ئەو نەخۆشانەی کە لە نەخۆشخانەکە کەوتون، وە ئەم نیشانەیە ڕێ نیشاندەرتە بۆ بونی شوێنی نەخۆشخانە ئەگەر

پێویستت پێی بێ.



مانای ئەم نیشانەیە/ ئەوەیە کە لەبەردەمتدا بنکەی تەندروستی هەیە، کە تایبەتە بە ڕێکخراوی مانگی سوری نێودەوڵەتی پاش ماوەیەکی تر، وە نابێ ئامێری ئاگادارکردنەوە بەکاربهێنی یان دروست کردنی هەر ژاوەژاوێکی بێزار بوون لەبەر ئاسودەیی نەخۆشەکانی ناو نەخۆشخانەکە.



مانای ئەم نیشانەیە/ ڕێگەت پێ ئەدرێ بە دەورانێك (پێچ کردنەوە)، وە دائەنرێ لە شوستەی ناوەڕاست لەکاتی بوونی کرانەوەیەك کە ڕێ ئەدرێ بۆ گەڕانەوەیەك بەلای ئەو تیرە (سهم) وە پێچ کردنەوە لەلایەکەوە بۆ لایەکی تر. ڕێگایەك کە شۆستەی ناوەڕاست جیای دەکاتەوە کە لەشێوەی کەوان دایە، وە پێویستە لەسەر شۆفێر ڕێڕەوی لای چەپ بگرێت پێش پێچ کردنەوەکە بە ماوەیەکی پێویست پاش ئامادەدانت بە شۆفێرەکانی تر وە ئاگادار کردنەوەیان.



مانای ئەم نیشانەیە/ لەبەر دەمتدا شوێنی تایبەت هەیە بە وەستانی ئوتومبیل پاش ماوەیەکی تر، وە ئەگەر ئارەزوت لە وەستان هەبوو پێویستە خێرایی کەم بکەیتەوە بۆ کەمترین ئاست لەگەڵ ئاماژەدانت لەو کاتەی ئەم نیشانەیە ئەبینیت، وە لای ڕاستی ڕێگا بگرە دوای ئەوە ئەتوانیت بچیتە ئەو پارکەوە لەو دەرگایەوەی کە تایبەت بە چونە ژورەوە بۆ پارکەکە ئەمە ئەگەر لەو لایە بوو کە تۆی پیا ئەڕۆیت.



ئەم نیشانەیە/ مانای بوونی میوانخانەیە لەبەردەمتدا پاش ماوەیەکی تر، وە لە کاتی پێویست بوونت پێی پێویستە خێرایی کەم بکەیتەوە، وە ئوتومبیلەکەت لە شوێنی تایبەت بەوەستانی ئوتومبیلی میوانخانەکە بوەستێنیت، پێویستە ئامێری ئاگادار کردنەوە بەکار ئەهێنیت.



مانای ئەم نیشانەیە لەبەردەمتدا پاش مەسافەیەکی تر تەلەفۆنی گشتی هەیە. ئەتوانیت پەیوەندی بکەیت لەکاتی دروست بونی هەر کێشەیەك یان داوای فریاکەوتن بکەیت یان هەواڵ بدەیت کە ڕووداو هەیە یان تەلەفۆنی پێویستی تایبەتی خۆت بکەیت.



مانای ئەم نیشانەیە ئەوەیە کە لە بەردەمتدا چێشتخانە هەیە پاش ماوەیەکی تر (دوری‌یەکی تر)، ئەگەر پێویستت پێی بوو پێویستە خێرایی کەم بکەیتەوە، وە ئاماژە بدەیت بە مەبەستی وەستان لەو لایەی کە چێشتخانەکەی لەسەرە، وە پێویستە وەستانەکەت لەشوێنی تایبەت بە وەستانی ئوتومبیل بێت کە ئەو چێشتخانەیە تەرخانی کردووە بە مەبەستی ئاسان کردنی وەستانی ئوتومبیلی تر کە دێنە ئەو چێشتخانەیە.



مانای ئەم نیشانەیە ئەوەیە لەبەردەمتدا پاش مەسافەیەکی تر گازینۆ هەیە، ئەتوانیت پشوو بدەیت ئەگەر هەستت کرد بەوەی پێویستت بە پشوودان هەبێ یان بۆ چا خواردنەوە.



ماناى ئەم نیشانەیە ئەوەیە لەبەردەمتدا وە پاش ماوەیەكى تر چادرگاى گەشتو گوزارى هەیە كە تایبەتە بە چادرگا ئەتوانیت پشوى تیا بدەیت، بۆیە پێویستە ئاگادار بیت لەدانیشتوانى ئەو چادرگایە بە تایبەت ئەوانەى پیادە ڕەون، یان ئەوانەى ئوتومبیل بەكار ئەهێنن، بۆیە پێویستە خێرایى كەم بكرێتەوە، وە هیچ جۆرە پشێویەك دروست نەكەیت یان ئامێرى ئاگادار كەرەوە بەكار نەهێنیت لەبەر پشووداني ئەو هاوولاتیانەى كە بۆ گەشتو گوزار هاتون.



ماناى ئەم نیشانەیە ئەوەیە پاش مەسافەیەكى تر چادرگاى گەشتو گوزارى هەیە تایبەت بە بەكارهێنانى كەرەڤان، وە نابێ چادرى تیا بەكاربێ، ئەگەر ویستت تیا دابەزیت ئاگاداربە وە پێویستە ئاگادارى دانیشتوانى ئەو چادرگایە بیت، لەوانە خەڵكى پیادەڕەو یان ئەوانەى ئوتومبیل بەكار ئەهێنن وە پێویستە خێرایى كەم بكەیتەوە وە هیچ پشێویەك دروست نەكەیت یان ئامێرى ئاگاداركەرەوە بەكار نەهێنیت لەگەڵ كەم كردنەوەى خێرایى بۆ پارێزگارى ئەوانەى كە لەو چادرگایەدان لەو ڕێگایەى كە تۆى تیاى.



ماناى ئەم نیشانەیە بوونى چادرگاى گەشتو گوزارە لەبەردەمتدا پاش ماوەیەكى تر (دوورییەكى تر)، وە ئەتوانیت چادرگاو كەرەڤان تیا بەكاربهێنیت، ئەگەر ئەم نیشانە گەشتو گوزارییەت بینى ئەبێ خێرایى كەم بكەیتەوە، وە ئامێرى ئاگاداركردنەوە

بەکار نـەهێنیت یـان پشـێویەك دروسـت نەکـەیت لەبـەر ئاسـودەیی دانیشـتوانی ئـەو چادرگایـــە، وە لـــەکاتی ڕۆشـــتن بـــەو ناوچانـــەدا خـــێرایی کـــەم بکەیتـــەوە لەبـــەر پارێزگاری‌کردنی گیانی خەڵکی پیادەڕەو.



مانای ئەم نیشانەیە ئەوەیە کە ئەو شوێنەی تۆی تیای ڕێگایەکە ڕۆشتن تیا خێرایە. بە مانایەکی تر ئەو ڕێگایەی کە تۆی پیا ئەڕۆیت لەسەرەتای ئەم نیشانەیەوە ئەوە ڕێگایەکە کە ڕۆشتن تیا خێرایە، وە ئەم جۆرە ڕێگایانە شێوەو ڕوخساری تایبەتی‌یان هەیە. وە ڕێگە نادرێ بەوەی کە ئەچێتە سەر ئەو ڕێگایە یان لێوەی دێتە دەرەو جگە لەو شوێنەی کە تەرخان کراوە بۆی پیا سەربکەوێ یان پیابێتە خوارێ. چونە سەرەوە خێرایە وە هاتنە خوارەوە لەسەر خۆیە، وەستان تیایا قەدەغەیە، وە ڕۆشتن بەخێرایی کەمتر لەوەی دیاری کراوە قەدەغەیە، وە نابێ خەڵکی پیادەڕەو، عەرەبانە یان ئامێر کشتوکاڵی‌و بیناسازی‌و پاسکیل پیا بڕوات.



مانای ئەم نیشانەیە ئەوەیە کە ئەم ڕێگایە بەیەك لایە (اتجاه)، وە پێویستە لەسەر شۆفێر پیابڕوات بە ئاراستەی ئەو تیرانەی کە دانراوە بۆی، وە نابێ بگەڕێتـەوە بـۆ دواوە یان پێچ کردنەوە بە پێچەوانەی ڕێگەی ئەو تیرانە.



ماناى ئەم نیشانەیە ئەوەیە کە ئەمەش لەچوارچێوەى نیشانەکانى ڕێپیشاندەرە کە لەوەیە ئەتگەیەنێ بە فڕۆکەخانە بەهۆى ڕێگەى خێراوە، وە ئەگەر ڕەنگەکە سەوز بوو مانای ئەتگەیەنێ بە فڕۆکەخانە لەڕێگای ئاسایی‌یەوە وە نابەسترێتەوە بە تایبەتمەندی‌یەکانى ڕێگەى خێراوە.



ماناى ئەم نیشانەیە ئەوەیە ئەو ڕێگا لاوەکی‌یە کە لەلاى چەپەوە جیابۆتەوە داخراوە یان ڕێگا نیە بەهۆى چاڵ یان چاك کردنەوەى ڕێگا یان بۆ هەر هۆیەکى تر.




ماناى ئەم نیشانەیە ئەوەیە کە شۆفێر چۆتە ناو سنورى ئەو شارەى کە لە نیشانەکەدا نوسراوە.



ئەم نیشانەیە یەکێکە لە نیشانەکانی هەڵواسراو، یان کەوا هەڵئەواسرێ لەسەر پردی تایبەتی لەسەر ڕێگا، هەموو نیشانەیەك هەڵواسراوە بەشێوەیەك ئەو تیرە ئاماژە بەو ڕێڕەوە ئەدا کە شۆفێر ئارەزووی ئەکات کەوا ئەیگەیەنێتە گۆڕەپانی دیاری کراو یان شوێنێکی دیاری کراو، وە هەروەها نیشانەکانی دیاری کراو هەیە دائەنرێ لە تەنیشتی ڕێگا ئاماژە ئەدا بەو ڕێڕەوەی کە پێویستە پیا بڕۆی بۆ ئەوەی بتگەیەنێتە شوێنی دیاری کراو.

## دووەم/ نیشانەکانی هاتووچۆی زەمینی : العلامات المرورية الارضية

ئەمەش یەکێکە لەو نیشانانە کەوا لەسەر ڕووی زەوی دەبێت وە پێویستە ئەم نیشانانە لە ماددەی ساف (خليسك) نەبێت وە نابێ بەرز بێتەوە لە ئاستی ڕووی زەوی زیاتر لە ١ سم. وە ئەگەر سیرامیك بەکارهێنرا پێویستە لە ١,٥ سم زیاتر بەرز نەبێتەوە بۆ ئەوەی کار لە سەلامەتی هاتوچۆ نەکات، وە ئەم نیشانانە یان بەدرێژی یان بە پانی ئەکێشرێ، و زۆرتر دروست ئەکرێ لە بۆیاخی ڕەنگ سپیو زەرد، وە ئەم جۆرە هێڵانەش تەواوکەری نیشانەکانی هاتوچۆن بەهەموو جۆرەکانیەوە.



## هێڵی درێژی یەك پارچە

ئەو هێڵە سپی‌یانەیە کە دروست کراوە لەسەر ڕووی شەقامەکان بەشێوەی یەك پارچە (بەیەك گەیشتو) گرنگی‌یەکەی جیاکردنەوەی ئاراستەی (ڕێ ڕۆشتن) هاتووچۆی ئوتومبیلە، دوو ئاراستەی دژ بەیەك جیا دەکاتەوە، وە نابێ پەڕینەوە لە ئاراستەیەکی تر ببێ جگە لەکاتی زۆر پێویست وە بە ئاگاداری‌یەوە. وە ئەم جۆرە هێڵانە زۆرتر لەو ڕێگایانەدا هەیە کە زۆر تەسکە یان پێچەکان لەترسی ڕوودانی ڕووداوو کارەساتی ناخۆش، ئەم جۆرە هێڵانە لەسەر فەرمانی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ بە مەبەستی ڕێك و پێك کردنی هاتوچۆ دائەنرێ لەجیاتی شۆستەی ناوەڕاست، شەقامەکانی پێ هێڵکاری ئەکرێ وە ئەو شەقامانەش کە ڕۆشتن تیایا بە دوو ئاراستەیە ڕۆشتن و هاتن.



دوو هێڵی تەنیشت یەك یەکێکیان پارچە پارچە ئەوی تریان یەك پارچە، وە لەشێوەی هێڵی ناوەڕاستی یەك پارچە کە بە تەنیشتیەوە هێڵی پارچە پارچە هەیە، وە لەم کاتەدا ئەو ئوتومبیلانەی کە دێن لەو لایەی کە هێڵە یەك پارچەکەی لێیە نابێ شۆفێر بپەڕێتەوە بۆ ئاراستەیەکی تر وە ئەگەر هێڵی پارچە پارچە لەناو ئەو ئاراستەیەدا بێت کە ئوتومبیلی پیا ئەڕوات ئەوا ئەو شۆفێرە بۆی هەیە هێڵی یەك پارچە ببڕێت لەکاتی پێویستدا بە مەرجێك نابێ ئەو تێپەڕ بوونە لە سنووری هێڵی پارچە پارچە تێپەڕ بێت.



هێڵی پارچە پارچە ئە هێڵە سپی‌یانەیە کە وێنە ئەکرێ لەسەر ڕووی زەوی بەشێوەی پارچە پارچە، گرنگی‌یەکەی جیاکردنەوەی ڕێڕەوەکانە لەیەك ئاراستەدا بۆ هەر لایەك لەڕۆشتنی ئوتومبیل وە پەڕینەوە لەڕێڕەوێکەوە بۆ ڕێڕەوێکی تر ڕێگە

پێدراوە لەکاتی پێویستدا، یان گواستنەوە لە بەینی ئەو ڕێڕەوانەدا بەپێی خێرایی ئوتومبیل دەگۆڕدرێت، وە بەو شێوەیە ئەو ئاڕاستەیە بەش دەکرێت بۆ ڕێڕەوی جیاجیا. ڕێڕەوی لای ڕاست تایبەتە بەو ئوتومبیلانەی کە بەهێواشی (لەسەرخۆ) دەڕوات یان ئەیەوێ پێچ بکاتەوە بەلای ڕاستدا، ڕێڕەوی ناوەڕاست تایبەت بەو ئوتومبیلانەی کە ڕۆشتن تیایا خێرایی‌یەکی دیاری کراوی هەیە بەپێی یاسا، یان ئەیەوێ بەدرێژایی (ڕاستی) ڕێگاکە بەرەو پێشەوە بڕوات، بەڵام ڕێڕەوی لای چەپ تایبەت بە ئوتومبیلی فریاکەوتن (پۆلیسی فریاکەوتن، پۆلیسی هاتوچۆ، ئەمبلانس (اسعاف) ئاگر کوژێنەوە، بەرگری شارستانی) کە خێرایی زۆر زیاترە لەوەی دیاری کراوە لەو شەقامەدا، لەکاتی پێویست یان ئەیەوێ پێچ بکاتەوە بەلای چەپدا لەو کرانەوە (فەتحە) تایبەتەی کە هەیە یان چەندرپیان (فلکە) یان بۆ پێش کەوتن لە ئوتومبیلی تر کە لەبەردەمیایە بە مەرجی ئەوەی خێرایی دیاری کراو کە دانراوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆوە تێپەڕ نەکات.



**هێڵی زەرد بە تەنیشت شۆستەکانەوە:**

ئەو هێڵانەیە کە ئەکێشرێ بە تەنیشت شۆستەکانەوە، بۆ دیاری کردنی شوێنی قەدەغەکردنی ئوتومبیل لەناو ئەو ناوچەیە کە هێڵی بۆ کێشراوە بەم جۆرە هێڵانە، وە تەواوکەری نیشانەی وەستان قەدەغەیە، زیاتر لەوەی کە دووری ماوەی دیاری کراو دیاری دەکات بۆ وەستانی قەدەغە.

وە ئەگەر هێڵی زەرد یەك هێڵ بوو بە تەنیشت شۆستەکانەوە مانای لەکاتی ئیش کردندا یان دەوامی ڕەسمی‌دا وەستان قەدەغەیە.



## هێڵی یەکتر بڕ بە ڕەنگی زەرد (لەشێوەی صندوق)

مانای ئەم جۆرە هێڵانە: نابێ بچینە ناو گۆڕەپانە یەکتر بڕەکان لەناوچەی بەیەک گەیشتنی شەقامەکان یان ڕێگای هێڵ کێشراو لەشێوەی تۆڕ (شبکە) یان شێوەی ئەندازەیی دیاریکراو بەڕەنگی زەرد تاکو دڵنیا نەبیت لەوەی ئەتوانیت دەرچێت لێی بەپارێزراوی (سەلامەتی)، وە ئەم جۆرە صندوقە زەردانە ئەکێشرێ لەناوچەی یەکتر برینی هێڵی شەمەندەفەر لەگەڵ شەقامی گشتی. پێویستە ماوەیەك بەجێ‌بهێڵیت لەنێوان ئوتومبیلەکەی خۆت‌و ئوتومبیلی بەردەمت، وە نابێ ئوتومبیلەکان یەك لەدوای یەك بن‌و نزیك بن لەیەکەوە، ئوتومبیلێك ئەچێتە ناو ناوچە یەکتربڕەکە دوای تێپەڕ بوونی ئوتومبیلەکەی پێش خۆی.



## دوو هێڵی پارچە پارچە بە پانی ڕێگا کێشراوە لەسەر ڕووی زەوی:

مانای پێشڕەوی بدە بەو ئوتومبیلانەی کەوا لەبەردەمتدایە وە ئەم هێڵانە ئەکێشرێ لە کۆتایی ڕێگای لاوەکی کە ئەگات بەشەقامی سەرەکی.



هێڵی پارچە پارچە پیشان دراوە لەسەر ڕووی زەوی مانای پێشڕەوی بدە بەو ئوتومبیلانەی کەوا لە گۆڕەپانەکەدایە وە ئەم هێڵانە ئەکێشرێ لە شوێنی گەیشتنی شەقامێك بە گۆڕەپانێك یان بەشەقامێکی یەکتر بڕ.



دوو هێڵی بەیەك گەیشتوو پیشان دراوە لەسەر ڕووی زەوی: ئەم هێڵانە ئەکێشرێ نزیك نیشانەکانی وەستان، مانای پێوستە ئوتومبیل بوەستێت لەبەردەم ئەم هێڵانەدا.



هێڵێکی درێژی یەك پارچە پیشان دراوە لەسەر ڕووی زەوی ئەکێشرێ نزیك ئیشارەتی وەستانی ترفك لایت یان ئیشاراتی پۆلیسی هاتوچۆو مانای پێویستە بوەستێت نزیك ئەم هێڵانە لە کاتی بوونی ئیشارەتێکی وەستان.

## هەندێ ڕێنمایی دروست

## کە پەیوەندی بە ترفك لایتەوە هەیە

١-هەموو کاتێك ئاگاداربە لەکاتی نزیك بوونەوەت لەترفك لایتەوە

٢-پێویستە لەکاتی بینینی گڵۆپی زەرد بەهێواشی بڕۆین وە خێرایی زۆر کەم بکەیتەوە، وە ئەگەر گڵۆپی سور دەرکەوت پێویستە لەسەرت بوەستیت لەبەردەم خەتی وەستان کە کێشراوە لەسەر ڕووی زەوی وە تحدای مەکە.

٣-کاتێك گڵۆپی سەوز دادەگیرسێت دەست بە ڕۆشتن بکەو دوا مەکەوە.

٤-لەکاتی وەستاندا گێڕ بخەرە سەر بۆش.

٥-لەکاتی دەرکەوتنی گڵۆپی سەوز ڕاستەوخۆ دەست بە ڕۆشتن مەکە تاکو دڵنیا نەبیت لەچۆڵی گۆڕەپانەکە لەئوتومبیل.

٦-لەکاتی وەستانت لەبەردەم ترفك لایتدا ماوەی پێویست بهێڵەرەوە لەبەینی ئوتومبیلەکەی خۆتو ئەوی بەردەمت.

برای شۆفێر/ جێبەجێ کردنی ئەم خاڵانەی لای سەرەوە دوورت دەخاتەوە لەکارەسات لەبەر ئەوە سەرکەشی (مجازفة) بەژیانی خۆتو کەسانی ترەوە مەکەو لەگەڵ دەرکەوتنی گڵۆپی زەرد خێرایی کەم بکەرەوەو دوای دەرکەوتنی گڵۆپی سور دەست بەجێ بووەستە لەبەردەم خەتی وەستان.

## ڕێنمایی دروست لەکاتی هاتوچۆدا

١- تێبینی ڕێنمایی تایبەت بەخێرایی بەو پەسەندی بکە. وە ئەبێ ڕۆشتنو خێراییەکەت کە پێی ئەڕۆی بگونجێ لەگەڵ قا بلیەتدا لە شۆفێریدا.

٢- مەجال بهێڵەرەوە بۆ خەڵکی پیادەڕەو لەشوێنی پەڕینەوەیان لەسەر ڕێگە گشتییەکان. بەتایبەتی منداڵو ژنو پیاوی بەتەمەن (پیر).

٣-تێبینی پەڕینەوەی کتوپڕی (فجائي) منداڵ بە لەسەر ڕێگاو خێرایی کەم بکەرەوە یان بووەستە بۆ ئەوەی ڕێگەیان پێ بدەی بۆ پەڕینەوەیان بەسەلامەتی.

٤-ئەبێ هەردوو دەستت لەسەر نیوەی سەرەوەی سوکانەکە بێ هەموو کاتێك وە هەوڵ بدە کە دەستت لانەبەیت لەسەر سوکانەکە بەهیچ شێوەیەك.

٥-خێرایی کەم بکەرەوە لەشوێنی نزیک بونەوەت لەرێگای لاوەکی (فرعی)و گۆرەپانەکانو هەموو کاتێك ئاگاداری خۆت بەو ئامادەبە بۆ وەستان.
٦-اشاراتی ضوئی کە لە ئوتومبیلەکەتدایە بەکاری بهێنە چ لە شەو یان لە ڕۆژدا جگە لە اشاراتی دەست.
**٧-هەوڵ مەدە پێش ئوتومبیلی تر بکەویت لەم کاتانەی لای خوارەوەدا.**
ا- لەپێچەکاندا
ب-لەکاتی نزیك بونەوەت لەرێگای لاوەکی (فرعی).
جـ-لەکاتی ڕۆشتنت لە پێچەکاندا لە شەقامە گشتییە سەرەکییەکاندا بەهۆی نەبینینی ئەو مەسافەیەی کە لە پێشتەوەیە.
د-کاتێك ئەو ڕێگایەی کە لە بەردەمتدایە تەسکەو زۆر فراوان نییە.
هـ-کاتێك ئەبینی ئوتومبیلی تر بەرەو ڕووت دێت لەبەرامبەرتەوە لە ڕێگایەکدا کە دوو ساید نییە.
و-کاتێك ئەبینی ئەو ئوتومبیلەی کە لە پێشتەوەیە زۆر خێرایە.
ز-کاتێك ئەبینی مەدای بینین زۆر کەمە ئەویش بەهۆی هەڵم یان گێژەڵوکە یان تاریکییەوە.

## ڕێنمایی دروست

## لەکاتی هاتوچۆو وەستان لەشەودا

١-پشت مەبەستە بە گڵۆپەکانی لاتەنیشت لەکاتی ڕۆشتندا لە ڕێگاکانی دەرەوەدا بەشەو، بەڵکو پێویستە ڕووناکی دەرەجە دوو بەکار بهێنی لەو گڵۆپانەی کە هەیە لە ئوتومبیلەکەتدا.
٢-ڕووناکی دەرەجە یەك (فول لایت) بەکارمەهێنە تەنها لەکاتی زۆر پێویستدا نەبێت، وە ئاگاداری ئەوەش بە لەوکاتەی ڕووناکی دەرەجە یەك بەکاردەهێنی ئوتومبیل بەرەو ڕووت نەیەت لەبەرامبەرتەوە.
٣-ڕووناکی دەرەجە یەك (فول لایت) ڕێگەنادات بەئوتومبیلی تر بەردەمی خۆیان ببینن ئەمەش ئەبێتە هۆی ڕوودانی کارەساتی ناخۆش.

٤-ڕووناکی دەرەجە یەك بەکار بهێنە پاشان ڕووناکی دەرەجە دوو لە ماوەی کورت کورت داو پچڕ پچڕ کاتێك ئارەزوت هەیە:

ا-پێش ئوتومبیلی بەردەمت بکەویت وە لەم کاتەدا زۆر پێویستت بە بەکارهێنانی ئاگادارکەرەوە (هۆرن) نابێت.

ب-بەلای ڕاستی ڕێگادا بڕۆ وە ڕێگە بدە بەو شوفێرەی دوای خۆت پێشت بکەوێ ئەگەر ڕووناکی پچڕ پچڕت بینی (ئەمەش مانای ڕێگەم بدە پێشت بکەوم).

٥-بەردەوام بە لەسەر بەکارهێنانی ڕووناکی دەرەجە یەکو دەرەجە دوو (بەرزو نزم) لەکاتی گەیشتن بەڕێگەیەکی یەکتربڕ یان شوێنی مەبەستت بۆ ئاگادارکردنەوەی شوفێرەکانی تر.

٦-ئەم ڕێگەیە بەس نییە لەکاتی چونت بۆ سەر شەقامی سەرەکی، بەڵکو چاوەڕێ بکە پاشان تەماشای لای چەپو ڕاست بکەو جارێکی تر بۆ لای چەپ وە پاش دڵنیابوونت لەچۆڵی ڕێگا بەردەوام بە لەسەر ڕۆشتن.

٧-ڕووناکی دەرەجە یەك بەکارمەهێنە کاتێك بەشەو ئەڕۆیت بە ڕێگایەکدا دوو سایدە یان ڕێگاکە تەسکە.

٨-ئەگەر ڕووناکی ئوتومبیلی بەردەمت لەدەرەجە یەك بوو خێراییکەت کەم بکەرەوە یان بوەستە بۆ ئەوەی سەلامەت بیت.

٩-لەکاتی ڕۆیشتندا بەشەقامێکدا لەلای ڕاستەوە مەچۆ بۆ لای چەپ وە بەپێچەوانەوە، چونکە ئەمە مەترسییە بۆ خۆتو خەڵکی تر جگە لەوەی ئەبێتە هۆی کێشە (عرقلە) لەهاتوچۆدا.

١٠-اشاراتی کارەبایی کەلە ئوتومبیلەکەتدا هەیە بەکار بهێنە جگە لە اشاراتی دەست بە شەوو بەڕۆژ.

١١-بەخێراییەك بڕۆ کە ئەگونجێ لەگەڵ ماوە (مدا)ی بینین ی ئەو ڕووناکییەی کە ئەت داتێ لایتەکانت.

١٢-ئاگاداربە لە ڕۆشتندا بەشەو لەو ڕێگەیەی کە شارەزا نیت لێی.

١٣-هەموو کاتێك هەوڵ بدە لەسەر خۆ بڕۆیت بە شەو بۆهەر مەبەستێك بێت ئەگەرچی خێرایی لەو ڕێگایەدا دیاری نەکرابێ.

١٤-هەموو کاتێك هەوڵ بدە لەکاتی وەستاندا بە شەو بەهۆی دروست بوونی هەر کێشەیەك (خلل) لە مەکینە یان لە تایەدا یان بۆ هەر مەبەستێك بێت گلۆپی پێشەوەو دواوە (سکن لایت) داگیرسێنی.

١٥-هەموو کاتێك هەوڵ بدە لەکاتی وەستاندا چ شەو بێ یان ڕۆژ وەستانەکەت بە تەنیشت شۆستەوە بێت لەلای ڕاستی ڕێگا.

## ڕێنمایی دروست بۆ وەستان

١-شۆفێری ڕێكو پێكو ڕەوشت بەرز ئەوەیە کە ئەرکی سەرشانی خۆی بزانێو ئیشاراتی پۆلیسی هاتوچۆ جیبەجێ بکات بۆ پاراستنی گیانی خۆیو کەسانی تر وە سەروەتو سامانیان.

٢-هەموو کاتێك ئیشاراتی پۆلیسی هاتوچۆ جێبەجێ بکەو مل کەچی ئیشاراتی وەستان یان ڕۆشتن بە، وا مەزانە کە ئەمە لەنرخی تۆ دائەبەزێنێ یان تەحەدای سەربەستی (حریە) تۆ ئەکات، بەڵکو پۆلیسی هاتوچۆ هەڵئەسێ بەجێبەجێکردنی ئەرکی سەرشانی خۆیو بۆ ئەوەی مافی تۆ بپارێزێو سەلامەتیو حەوانەوەی (استراحە) تۆو کەسانی تر تەئمین بکات.

٣-بەهیچ شێوەیەك لەپڕ مەوەستە، تەنها لەکاتی زۆر پێویستدا نەبێت، بۆ ئەوەی پارێزگاری لەگیانو سەروەتو سامانی خۆتو کەسانی تر بکەیت.

٤-ئیشارەتی وەستان بدە پێش ئەوەی پێچ بکەیتەوە بەلای قەراغ شۆستەکەدا، دوای ئەوەی تەماشای ئاوێنەی شۆفێرت کرد بۆ ئەوەی تێبینی ئەوە بکەیت کە ئوتومبیل لەداوتەوەیە یان نا.

٥-لەشوێنی قەدەغەدا مەوەستە جگە لە کاتی ناچاربووندا (حالە اضطراریة) نەبێت وەکو دروست بوونی کێشەیەك (خلل) لە ئوتومبیلەکەتدا.

٦-بووەستە لەبەردەم خەتی سپی کە دیاری کراوە بۆ وەستان لەسەر شەقامەکان کاتێك ئیشارەتی پۆلیسی هاتوچۆ یان اشارەتی وەستانی ترفك لایت ئەبینیت.

٧-هەوڵ مەدە بووەستیت لەناوەڕاستی شەقامەکاندا، وەستانەکەت با بەتەنیشت شۆستەکانەوە بێت بەدووری یەك پێ.

٨-هەوڵ مەدە ئوتومبیلەکەت دوور لە شۆستەکەوە بووەستێنیت لەکاتی دابەزاندن یان سەرخستنی نەفەردا.

٩-وەستانی ئوتومبیل دوور لە شۆستەکان کێشە (عرقلە) ئەخاتە جوڵە (حرکە)ی هاتوچۆی کەسانی تر، وە هەروەها ئەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە نەفەرەکان ئەمەش لەڕەوشت بەرزی شۆفێر لادەدات چونکە ڕێگە هی تۆو کەسانی ترە.

١٠-ئیشارەتی وەستان بدە بەو ئوتومبیلانەی دوای خۆت ئەگەر بینیشت هیچ ئوتومبێلێك نی‌یە لەدوای خۆتەوە، با ئەم ئیشارەتدانە ببێت بە خویەك (عادەتێك) بۆ خۆت، بەمەرجێك ئیشارەت دانەکەت ڕوونو ئاشکرا بێتو لە مەسافەیەکی گونجاوەوە بێت بۆ ئەوەی ئوتومبیلی دوای خۆت اتجاهێکی باش وەربگرێتو زیانی پێ‌نەگات.

١١-لەو شوێنانەی کە تایبەتە بۆ وەستان، پێشی ئوتومبیلەکەت ڕووی لەپێشەوە بێت هەمو کاتێك بە گەڕانەوەت بۆ دواوە.

١٢-وەستانی ئوتومبیلەکەت لەبەینی دوو خەتدا دابنێ کە کێشراوە لەسەر زەوی، ئەگەر بینیت شوێنی وەستانی ئوتومبیل خەت ڕێژ کرابوو.

١٣-دەرگای ئوتومبیلەکەت بەکراوەیی بەجێ مەهێڵە دوای وەستان، بۆ هەر مەبەستێك بێت.

١٤-دڵنیابە لە نەبونی ئوتومبیلی هاتوو کاتێك ئەتەوێت دەرگای ئوتومبیلەکەت بکەیتەوە لەلای چەپەوە.

١٥-ئاگادار بە پێش وەستان لە ڕێگەی گشتی دەرەوە، بوەستە لەلای ڕاستو لەدەرەوەی ڕێگا بەتایبەتی لەڕێگەی تەسكو قەڵەباڵغدا.

١٦-ئەگەر ڕێگا خلیسك بوو هەوڵ مەدە ئیستۆپ بگریت بەتوندی بەڵكو بەردەوام بە لەڕۆشتنو گێر بگۆڕە بۆ نمرە دوو پاشان بە هێواشی بوەستە.

١٧-ئەگەر هەر وەستانێك ڕووی‌دا لە ئوتومبیلەکەتدا بۆ هەر مەبەستێك بێت لەکاتی سەرکەوتنت بۆ سەر بەرزایی‌یەك یان گردێك تایەکانی پێشەوەت ڕووی بکەرە لای چەپ.

١٨-ئەگەر هەر وەستانێك ڕووی‌دا یان ویستت خۆت بوەستیت لەکاتی هاتنە خوارەوەت (لێژی) لە بەرزترین شوێنی گردێك یان هەر بەرزایی‌یەك، هەموو کاتێك

ڕووی تایەکانی پێشەوەت بکەرە لای ڕاست. بەمەرجێك لەقەراغی شەقامە لێژەکە شۆستە یان ڕێگرێك هەبێت.

## ڕێنمایی دروست
## بۆ ئیش پێکردنی ئوتومبیل

١-پێش هەموو شتێك دڵنیابە لەوەی کەوا منداڵ یاری ناکات لەبەردەم ئوتومبیلەکەتدا یان لە دواوە یان لەژێریدا.

٢-دانیشە لەشوێنی خۆت (شوێنی دانیشتنی شۆفێر) وە تەماشای ئاوێنەی شۆفێر بکە بۆ ئەوەی دڵنیا بیت لەوەی کە بەسەلامەتی دەست بە جوڵان (ڕۆشتن) بکەیت.

٣-ئیشارەتی تەواو ئاشکرا بدە بە شۆفێرەکانی تر.

٤-پاشان جارێکی تر تەماشای ئاوێنەی شۆفێر بکەرەوە وە دڵنیابە لەچۆڵی ڕێگا لەدوای خۆتەوە.

٥-دەست بەجوڵە (ڕۆشتن) بکە بە قەراغ شۆستەکەوە لەلای ڕاستی ڕێگا، وە پارێزگاری لە ڕۆشتن بکە لەلای ڕاست بەمەسافەیەکی گونجاو. پاشان لەسەرخۆو بەدڵنیایی لەسەلامەتی خۆتو شۆفێرەکانی تر بچۆرە مەساری پێویست کە ئارەزوت لێی هەیە.

٦-هەموو کاتێك تێبینی ئیشاراتی پۆلیسی هاتوچۆ بە کەوا جوڵەی هاتوچۆ ڕێك دەخاتو نیشانەی هاتوچۆ کە دانراوە بۆ ئاگادار کردنەوەت.

٧-بەهیچ جۆرێك لەپڕ دەست بە جوڵە (ڕۆشتن) مەکە ئەگەر بۆ هەر مەبەستێك بێت، ئەگینا گیانی خۆتو کەسانی تر لەدەست دەدەیت.

## ڕێنمایی دروست بۆ پێچ کردنەوە بۆ لای ڕاست

هەموو کاتێك ئاگاداربە لەکاتی پێچ کردنەوەدا بۆلای ڕاست بۆچونە ڕێگایەکی لاوەکی (فرعی) لە ڕێگایەکی سەرەکی‌یەوە وە ئەمانەی لای خوارەوە جێبەجێ بکە.

١-ئیشارەتی پێویست بدە بە بەردەوامی لەمەسافەیەکی گونجاوەوە کە کەمتر نەبێت لە ٥٠ مەتر.

٢-مەمەڕی لای ڕاست بگرە کە نزیکە لە شۆستەوە.

٣-دڵنیابە لەوەی کە ئەو شۆفێرەی دوای خۆت تێبینی ئیشارەتی پێچ کردنەوەی تۆی

کردووە.

٤-ئێستا بەسەلامەتی پێچ بکەرەوە بۆ ئەو ڕێگەیە لەلای ڕاست.

٥-هەوڵ بدە بە هەموو توانایەك دوور نەکەویتەوە لە شۆستەی لای ڕاستی ڕێگا کەوا پێچ ی بۆ بکەیتەوە.

## ڕێنمایی دروست بۆ پێچ کردنەوە بۆلای چەپ

١-پێش مەسافەیەك کەمتر نەبێت لە ٥٠ مەتر، تەماشای ئاوێنەی شۆفێر بکە.

٢-ئیشارەتی پێچ کردنەوە بدە بۆلای چەپ بەدەرهێنانی دەستت بە بەردەوامی وە ئیشارەتی پێچ کردنەوەکە لە ئوتومبیلەکەتدا هەیە لەمەسافەی دیاری کراوەوە (برگەی١) بەمەرجێك ئیشارەت دانەکەت زۆر ڕوونو ئاشکرا بێت.

٣-بەهێواشی بچۆرە ناوەڕاستی ڕێگا دوای دڵنیابوون ئەویش بەهۆی تەماشا کردنت لەئاوێنەی شۆفێرەوە کەوا هیچ ئوتومبیلێك نیيە لەدوای خۆتەوە پێشت بکەوێ.

٤-تەماشای ئیشاراتی پۆلیسی هاتوچۆ یان ئیشاراتی ترفك لایت بکە:

أ-ئەگەر ئیشارەت بۆ تۆ بوو پێش بکەوەو بچۆرە شوێنی بەیەك گەیشتنو داخل بەڕێگای لاوەکی (فرعی) ببە.

ب-ئەگەر ئیشارەتی پۆلیسی هاتوچۆ یان ئیشارەتی ترفك لایت بۆ تۆ نەبوو بووەستە لەبەردەم خەتی وەستان لەناوەڕاستی ڕێگاوە ڕێگە بدە بەرئوتومبیلانەی کە یەن بەو ڕێگایەی کە تۆی تیایی‌و ئەڕۆن بەلای ڕاستدا.

ج-چاوەڕێ بکە وە تۆ لەم حاڵەتەدا بەتاکو ئیشارەتێك ئەبینی یان ڕێگەت پێ ئەدرێ بۆ پێچ کردنەوە.

د-پاشان بچۆرە ڕێگا لاوەکی‌یەکە (فرعی)یەکەوە لەو ڕێگەیەی کە نزیکە لە ناوەڕاستی ڕێگاوە، بەو شێوەیە ڕێگە ئەدەیت بەو ئوتومبیلانەی کە داخل بەو ڕێگا فرعی‌یە ئەبن کە تۆ بۆی ئەچی کەلەلای ڕاستەوە دێن بەقەراغی شۆستەی ڕێگا فەرعی‌یەکەدا ئەڕۆن.

# ڕێنمایی هاتووچۆ

## بڕای شۆفێر/

١- ڕێگا مافی گشتی هاووڵاتیانە پارێزگاری لێ بکە بەڕێزگرتنت لەیاسا.

٢-لای ڕاستی ئوتومبیلەوە تێپەڕ مەبە لەشەقامێکدا ئەگەر خەت ڕێژ نەکرابێ.

٣- خەیاڵ ڕۆشتنت یان قسەکردنت لەکاتی لێخوڕینی ئوتومبیلدا تووشی کارەساتت دەکات.

٤-منداڵـەکانمان جگەرگۆشـەکانمانن کـە بەسـەر زەویدا دەڕۆن بـەزەیتان پیایـاندا بێتەوە.

٥-سەلامەتی باوەرت دەبێت ئەگەر لەسەرخۆ بڕۆیت.

٦-شۆستە دانراوە بۆ ڕۆشتنی هاووڵاتیان بەسەریدا.

٧-ژمارەی ئوتومبیلەکەت (لوحة التسجيل) ناسنامەی ئوتومبیلەکەتـە، بۆیـە هـەموو کاتێ جەخت لەوە بکە لەبارێکی باشدا بێت.

٨-خـۆت سـەرقاڵ مەکـە بەقسـەکردن لەگـەڵ نەفـەرەکاندا لـەکاتی لێخوڕینـی ئوتومبیلەکەتدا.

٩-تیشـك (لایـت)ی بـەرز بـەکار مەهێنـە کـاتێك ئوتومبیلێـك ی هـاتوو بـەرەو ڕووت دەبێتەوە.

١٠-پابەند نـەبونت بە نیشانەکانی هـاتوچۆوە خۆتو کەسـانی تـر تووشـی ڕووداوی ترسناك دەکات.

١١-خێرایی کەم بکەرەوە لەکاتی باران باریندا.

١٢-بووەستە لەکاتی دەرچونت لەشەقامە (فرعی)یەکانـەوە بۆ شـەقامە سـەرەکییەکان (رئیسی) بۆ دڵنیـابوونت لـەچۆڵی شـەقامەکە لـە ئوتومبیل چونکە پێش ڕەوی بۆ ئـەو ئوتومبیلانەیە کە لەسەر شەقامە سەرەکییەکەدایە.

١٣-خۆت دووره پەرێز بگرە لەخێرایی نەگونجاو.

١٤-لێخوڕینی باشو بێوە ی پێویستی بەووریاییو ئاکاداری هەیە.

١٥-خێرا مەڕۆ کاتێك پێش چاوی خۆت بەڕوونی نابینیت.

١٦-مۆڵەتی شۆفێری هەڵ بگرە لەکاتی لێخوڕینی ئوتومبیلەکەتدا.

١٧-خۆت دوور رابگرە لەوەستان لەو شوێنە گشتییانەی کە وەستان تیایاندا قەدەغەیە.

١٨-نیشانەکانی هاتوچۆ ڕێگا ڕوون کەرەوەیە بۆت، ئاگاداری بە تاکو لەزیان بەدوور بیت.

١٩-خێرایی کەم بکەرەوەو ئاگاداربە لەکاتی نزیک بوونەوەت لەشوێنی پەڕینەوەی هاووڵاتیان.

٢٠-کاتێ نیشانەکانی ئاگادار کردنەوەت بینی گوێ بیستی فیکەی ئاگادارکردنەوە (صفارات الانذار) بوویت لە ئوتومبیلە نائاساییەکان، دەرفەتی بۆ بکەرەوە با دەرچێت.

٢١-پێش برکێ کردن لەکاتی شۆفێریدا پێش برکێ کردنە بەرەو مردن.

٢٢-روناکی (لایتی) بەرز دێوەزمەی مردنە بۆ خۆتو کەسانی تر.

٢٣-چەند خێرایی ئوتومبیلەکەت زۆر بێت خێراتر بەرەو مەترسی دەچیت.

٢٤-ئامێری ئاگادارکردنەوە (هۆڕن) بەکار مەهێنە تەنها لەکاتی زۆر پێویستدا نەبێت.

٢٥-پارێزگاری لەتیشکی ڕووناکی (لایت)ی ئوتومبیلەکەت بکەو بەدڵنیاییەوە لەکاتی پێویستدا بەکاری بهێنە.

٢٦-ئوتومبیلێک کە شیاوی لێخوڕین نەبێت ئەوا لە ئەنجامی بەکار هێنانیدا خاوەنەکەیو کەسانی دەورو بەری تووشی ڕووداوی سامناك دەکات.

٢٧-شۆفێری باش ئەو کەسەیە کە هەردەم پارێزگاری ئوتومبیلەکەت دەکات بە بەردەوامی.

٢٨-ئەگەر تووشی ڕووداوێکی دڵ تەزێن بوویت ڕامەکەو قوربانیەکەت لەپاش خۆت جێ مەهێڵە چونکە سزادانت دوو هێندە دەکات.

٢٩-لێخوڕینی باش لەلایەن شۆفێرەوە، ڕەنگ دانەوەی باشی ڕەفتارو ڕەوشت جوانییە.

# ڕێنمایی هاتووچۆ

## هاوولاتی بەڕێز/

١-پۆلیسی هاتوچۆ هاوڕێتەو هاوكاری بكە.
٢-خۆتو منداڵەكانت وا رابهێنە با لەسەر شۆستەوە بڕۆنو لەشوێنی تایبەت بە پەڕینەوە بپەڕنەوە لەم بەری شەقامەكە بۆ ئەوبەری شەقامەكە.
٣-راوەستانو كۆبونەوە لەسەر شۆستەكان دەبێتە هۆی ڕێگرتن لە هاتوچۆی هاوولاتیانو دواخستنیان.
٤-مەپەڕێرەوە لەشەقام لەبەردەم ئوتومبیلی ڕاوەستاودا.
٥-سەرمەكەوەو دامەبەزە لە ئوتومبیلی ڕۆیشتودا.
٦-لەپێناوی لەش ساغی منداڵەكانت ڕێگەیان پێمەدە كە یاری بكەن لەسەر شەقامەكان چونكە تووشی ڕووداوی ناهەموار دەبن.
٧-خۆت هەڵمەواسە بە ئوتومبیلێك كە لە ڕۆشتن دایە.
٨-ئاگاداری شۆفێری سەرپێچی كەر بكەرەوە لەكاتی سەرپێچی كردندا و هەواڵ بە پۆلیسی هاتووچۆ بگەیەنە.
٩-خاوە خاو مەكە لەكاتی پەڕینەوەت لەسەر شەقامەكان.

# شۆفێرو سەلامەتی هاووڵاتیان

ئەو هەڵوێستەی کەپێوستە شۆفێر هەی بێت بەرامبەر هاووڵاتیانی پیادە ڕەو ئەبێ بەپێی ئەم ڕێنمایییانەی خوارەوە بێت ئەویش بۆ کەم کردنەوەی ڕووداوو کارەسات کەزۆر جار هۆی ڕووداو یان کارەساتەکە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەئەو شۆفێرە پەیوەست نەبووە بەم ڕێنمایییانەی لای خوارەوە.

١-لێخوڕین بەشێوەیەکی زۆر ووریا وە بەخێراییەکی کەم لەکاتێکدا نزیک ئەبیتەوە لەشوێنی پەڕینەوەی هاووڵاتیان لەم بەری شەقامەکەوە بۆ ئەو بەری شەقامەکە وەلەکاتێکدا دەبینی پاصی تایبەت بەگواستنەوەی هاوڵاتیان، نەفەر دائەبەزێنی.

٢-چاودێری کردنی هاووڵاتیانی پیادە ڕەو کەدەرئەچن لەبەردەم پاصی وەستاوەوە یان لەشوێنی تر کەناتوانرێ ببینرێ.

٣-بۆ هاووڵاتیانی پیرو منداڵو کەم ئەندام مەجالێکی زیاتری بدەرێ بۆ پەڕینەوەی.

٤-لەسەر خۆ لەنزیک قوتابخانەکان وە چاودێری منداڵان بکە کە سواری پاص دەبن یان لێی دادەبەزن.

٥-ئاگاداربە لەکاتی نزیک بونەوەت لەشوێنی فرۆشتنی ساردەمەنیو شیرینی چونکە منداڵ ساردەمەنی و شیرینییەکەی زیاتر لامەبەستە وەك لەجوڵەی هاتوچۆ.

٦-لەشوێنی پەڕنەوەی خەڵکی کەترافك لایت یان پۆلیسی هاتوچۆی لێیە، مەجال بدە بەخەڵکی ئەوانی کەبەردەوامنو لەشوێنی پەڕینەوەدانو هەرچەند ئیشارەتی ترفك لایت بۆ شۆفێر بێت.

٧-بەدوری ٥ مەتر یان زیاتر بوەستە لەبەردەم شوێنی پەڕینەوەی هاووڵاتیان.

٨-بەخێرایی زۆر مەڕۆ ئەگەر شەقامەکان تەڕ بوون چونکە ئەو خێراییە ئەبێتە هۆی پرژاندنی ئەو ئاوەو بەر هاووڵاتیان ئەکەوێ.

٩-هیچ شتێك لەناو ئوتومبیلەوە فڕێ مەدە دەرەوە کاتێك لەڕۆشتن دایت چونکە ئەبێتە هۆی زیان بەخشین بەهاووڵاتیانی تر.

١٠-کاتێك کۆمەڵێك ئوتومبیلی زۆر یەك لەدوای یەك دەڕۆن لەسەر شوێنی پەڕینەوەی هاووڵاتیان مەوەستە بەچۆڵی بیهێڵەرەوە لەکاتی وەستاندا وە هەروەها لەگۆڕەپانەکان یان شەقامە یەکتر بڕەکان لەکاتی وەستاندا بوار (مەجال) بهێڵەرەوە بۆ ئوتومبیل کەئەیەوێ لەلایەکی شەقامەکەوە بڕوات بۆ لایەکی تری شەقامەکە.

## هاووڵاتی بەڕێز/

تکایە پێش خوێندنەوەی ئەم کتێبە ئەم هەڵانە ڕاست بکەرەوە کە بەهۆی هەڵەی چاپەوە دەرچووە لەگەڵ داوای لێبوردنماندا.

| ژ | لاپەڕە | دێڕ | ووشەی هەڵە | ووشەی ڕاست |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ١- | ٢٣ | ٨ | بوونی‌یەکی | بوونی‌یەکێ |
| ٢- | ٣٢ | ٤ | بەردەوام بێت | بەردەوام بیت |
| ٣- | ٣٣ | ٥ | کەمتر نەبێت | کەمتربێت |
| ٤- | ٣٦ | ٧ | وەبەشوێنەدا | وەبەو شوێنەدا |
| ٥- | ٣٨ | ٢ | یەکتر ئەبڕێت | یەکترئەبڕێت لەهەردوولاوە |
| ٦- | ٣٨ | ٥ | پێچی بۆ بکەنەوە | پێچی بۆ ئەکەنەوە |
| ٧- | ٤٣ | ٤ | ڕێگە پێدراوە | ڕێگەپێدراو |
| ٨- | ٤٤ | ٢ | ئامارژەبدەیت لەکاتی پێچ کردنەوەدا | ئامارژە بدەیت |
| ٩- | ٥٠ | ٧ | ڕاست بگریت | ڕاست بگرێت |
| ١٠- | ٥١ | ٧ | گۆڕەپانەکەدایــــــە (گۆڕەپانی یەکتر بڕ) | گۆڕەپانەکەدایە |
| ١١- | ٦٣ | ٤ | پەڕینەوە لەئاراستەیەکی تر ببێ | پەڕینــەوە لەئاراســتەیەکەوە بۆ ئاراستەیەکی تر ببێ |
| ١٢- | ٦٣ | ١٧ | وێنە ئەکرێ | ئەکێشرێ |
| ١٣ | ٦٥ | ٤ | دەرچێت | دەرچیت |
| ١٤ | ٦٩ | ١٥ | بەردەمت | بەرامبەرت |
| ١٥ | ٧٥ | ١٨ | ئوتومبیلەکەت | ئوتومبیلەکەی |

**هەڵە لەوێنەکاندا:**

**١-لاپەڕەی ٢٩-٣٠ نیشانەی پێشڕەوی کەلەناو وێنە لاکێشەکەدا دروست کراوە بەڕەنگی ڕەش (ڕەنگەکەی زەردە نەك ڕەش).**

**٢-لاپەڕەی ٦٢ وێنەی هەردوو هێڵەکە (دووهێڵی تەنیشت یەكو یەك هێڵ کەلەباری پانی کتێبەکە کێشراوە ئەبێ لەباری درێژی کتێبەکە بێت نەك لەباری پانی.**

**٣-لاپەڕەی ٦٣ وێنەی هەردوو هێڵەکە (دووهێڵی تەنیشت یەكو هێڵی پارچە پارچە کە کێشراوە لەباری پانی کتێبەکە ئەبێ لەباری درێژی بێت نەك لەباری پانی.**



**ئەو سەرچاوانەی سودیان لێ وەرگیراوە:**

**١-قواعد السير في الطريق العام.**

**٢-علامات المرور الدولية.**

**٣-قواعد السلوك في الطريق العام.**

**٤-اشارات وعلامات المرور الدولية.**

# سووپاس نامە

سوپاسی ئەم بەڕێزانەی لای خوارەوە ئەکەم کە یارمەتیان دام بۆ لەچاپ دانی ئەم کتێبە.
١-بەڕێز کاك مصطفى سەید قادر (وەزیری ناخۆ).
٢-بەڕێز لیوا مەحمود حمە ئاغا پشدەری بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتووچۆی سلێمانی.
٣-بەڕێز کاك هەڤاڵ غەفور بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن لەوەزارەتی ناوخۆ.
لەیەزدانی گەورە داواکارم پایەدار تربن بۆ خزمەتی گەلە ستەم دیدەکەمان.

وەرگێر

سوپاسی بەڕێز مقدم ئازاد جلال رفعت ئەکەم کەئەرکی پێداچوونەوەی گرتە ئەستۆی خۆی

وەرگێر

مافی لەچاپ دانەوەی پارێزراوە

ژمارەی سپاردنی (٤٠٥) ی ساڵی ١٩٩٩ای وەزارەتی ڕۆشنبیری پێ دراوە